# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (153) بەرواری 1-10-2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


" شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

## حیزبی کۆمۆنیست و ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کریکاری


بــەشی چوارەم...ل10

## وتەی ژمارە

# کام ڕێگا چارە بۆ دۆخی سیاسی کوردستان؟

**عەبدوڵا مەحمود**

دۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی، هەریمی کوردستان لە لێواری دارمانێکی بەرجەستەدایە. لە باری ئابورییەوە زوربەی هەرەزۆری هاوڵاتیانی هەرێم لە ژێر مەنگەنەی هەژاریدان و بێ موچەیی و بێکاری لەگەل گرانی بازار، هەژدیهایەکی مەگهێنەرەو هەموو رۆژە ئامبازی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دەبێت. لە رووی سیاسیەوە هەرێمی کوردستان لەژێر دوو گوشاری سەرەکیدایە. لەلایەکەوە دەسەڵاتی بۆژوازی عێراقی هەر رۆژە نەخشەو پلانی بچوککردنەوە، ئیرادە وردکردن، لکاندنەوەی بەزۆری بە عێراقی ئیسلامی تایفییەوە، بێ گوێدان بە ئیرادەو بڕیاری خەڵکی کوردستان، دەباتە پیشەوەو لەلایەکی تریشەوە لەژێر رەحمەتی دەسەڵاتی زاڵمانەی بۆژوازی کوردا دەناڵێنێت...



بۆرژوازی عێراقی لەچوارچێوەی سازدانەوەی دەسەڵات و دابەشکردنەوەی دوبارەی دەسەڵات لە هەلومەرجی تازەدا، تا دێت مەوداو قەبارەی سیاسی هەرێمی کوردستان بچوک دەکاتەوە، تا لەو ڕێگایەوە بەشی بۆرژوازی کورد کە بەهۆی جەنگی کەنداو کشانەوەی دەسەڵاتی بەعس بەدوای راپەرینی خەڵکی کوردستان و بەپشتیوانی ئەمریکاو غەرب توانی دەسەڵاتی دابسەپێنێت. کەمترو کەمتر بکاتەوە و فیدرالیزمی قەومیش وەکو چوارچێوەیەکی ناچاری بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، دوبارە بخاتەوە بەردەم چاو پیاخشاندنەوە. دیارە فیدرالیزمی قەومی لە بنەرەتدا بۆ سنوردارکردن و لغاوکردنی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد لەچوارچیوەی عێراقدا بوو، تا بیر لەهیچ رەهەندێکی تر بۆ داهاتووی سیاسی کوردستان نەکاتەوە پابەند بوونی خۆی بە یەکپارچەیی و پاراستنی سەرورەری عێراق، بەپێی یاساو دەستور مۆر بکات. ئەوەش نەک هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی سیاسی کورد و لەوەش زیاتر بە سودی بۆرژوازی کورد نەبوو، بەڵکو وەشاندنی گورزی بۆژوازی عێراقی بوو هەم لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و هەم بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان.

بۆ لاپەڕە 2

## بێ موچەیی تاوانێکی نەبەخشراو و داهێنانێکی پڕ شەرماوەری دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە!!




کۆتایی مانگی سیبتەمبەر دەکاتە سێ مانگی تەواو موچەخۆرانی هەرێم لە چاوەروانی موچەدان و هێشتا دیار نییە کەی ئەو موچە کەمە وەردەگرن، تا لانی زۆر کەمی پێداویستیەکانی پێ دابین بکەن. سێ مانگ کارکردن و دەوام کردن و خزمەتکردن، بێ ئەوەی موچە وەربگریت، تاوانێکی نەبەخشراو و داهێنانیکی پڕ شەرماوەری دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە. بێ موچەیی لەکاتیکدا

بۆ لاپەڕە 3

## ئەگەر راگرتنی فرۆشتنی نەوت لەماوەی شەش مانگدا زیانی ٦ ملیۆن دۆلار بووە، ئەی کوا داهاتی چەند ساڵەی فرۆشتنی نەوت؟



زوربەی بەرپرسانی سیاسی هەرێم بەتایبەتی بەرپرسانی پارتی، لە لێدوان و دیمانەوە گفتوگۆکانیاندا، دان بەوەدا دەنێن، کە ئابوری هەرێم بەهۆی راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمەوە لەماوەی شەش مانگدا لە رێگای بەندەری جەیهانی تورکیاوە، زیاتر لە ٦ ملیار دۆلار زیانی بەرکەتووە. ئەوەش دانپیانانێکی ئاشکرایە بەوەی کە ناردنی و

بۆ لاپەڕە 3

## لیژنەی بەرگری لە ئاسایشی خەڵکی کوردستان پێکهات و ڕێگەی ئەنجامدانی یەکەمین چالاکیشی لێگیرا...ل3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- گەمە ئاینەکان لە کێشەی ئەرمینیا- ئازەربایجاندا.........................ل4
- داگیرکردنی زانکۆکان، شێوەیەکی تر لە ناڕەزایەتی خوێندکارانی...ل4
- مامۆستا بەدەل بەرواری وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە.....................ل5
- خولانەوەی بەختیار عەلی لەناو بازنەی وەهم دا.............................ل6
- هۆکار و زەمینەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەرێمدا.................ل9


### دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە کوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"



بەڕێز ئەنوەر حسێن" بازگر" وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل11_12


پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

بۆرژوازی عێراقی سەرباری ناڵاندنی بەدەست نەخۆشییە کوشندەکانی وەکو ناتەبایی ناوخۆیی ڕێزەکانی و هەژموونی ئیتیمانی دینی و مەزهەبی و قەومی و تایفی بەسەر ئینتیمای نیشتیمانی!! و مافی هاوڵاتی!! و دەسەڵاتێیکی یەکپارچەی سەراسەرییەوە، بەڵام لەبەرامبەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئاییندەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر یەک دەست و خاوەن کۆ روئیایە. نەخشەی لەبەین بردنی پەیتا پەیتای بەشە دەسەڵاتی لەرزۆکی بۆرژوازی کورد کە لەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسدا و لە هاوسەنگی دیاریکراوی ئەوکاتەدا بەرێکەتووە، سنوردارتر بکات و مل کەچی تەواوی داخوازییەکانی خۆی بکات، کە لەدوا ئاکامدا، بە موچەخۆرکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە و هێشتنەوەیەتی وەکو نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ناوەند لە هەرێمدا و لێ سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانیەتی لە قەڵەمرەوی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و یاساییدا... ئەم رەوەندە دەستێ پێکردووەو سەرباری هەر بەرگری و کاردانەوەیەکی لێرەو لەوێ و دوبارە دەستدرێژکردنەوە بۆ دۆسیە کۆن و مێژووییەکان، بەردەوامی هەیە.

بۆرژوازی کوردیش لە عێراقدا وەکو ئەژدیهایەکی تر روو بەخەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی، هەرچی لە ماوەی زیاتر لە سێ دەهەی دەسەڵاتیدا لە هەگبەکەیدا بووە، لەدژی خەڵک و ئیرادە سیاسیەکەی و لەدژی چارەسەری کارسازو دروستی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان، نەک درێغی نەکردووە، بەڵکو بۆتە تەواوکاری نەخشەو پلانەکانی بۆرژازی عێراقی، تەنها بە نرخی ئەوەی لە داهات و پۆستەکانی عێراقدا بەشدار بێت و دەسەڵاتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بۆ بەفەرمی بناسرێت.

برسی کردن و بێئیرادەکردنی چینی کرێکار و کارمەند و موچەخۆرانی هەرێم وەکو بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان یەکێک لە سیاستەکانی بووە... بێ موچەیی و موچەی کەم، نەبوونی هەلی کار و بێکاری، و نەبوونی بیمەی بیکاری. گرانی بازاڕ و داسەپاندنی هەژاری، وێرانکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان و نابوتکردنی کەرتەکانی خوێندن و پەروەردە و تەندروستی، و کردنی زوربەی ڕێگاو بانەکان بە ڕێگای مەرگ، بێئاویی و بێ کارەبایی نەبوونی سوتەمەنی، دزی و تاڵانی ئاشکراو نهێنی، نایاسایی و بە یاسایی کراو، بەحزبیکردنی هەموو پیشەو کارو بەرپرسیاریەتیکی ئیداری و حکومی، شەقکردنی هەرێم بۆ دوو زۆن، خۆشخزمەتی و هاوکاری وڵاتانی ناوچەکە، سەرکوتی هەموو پەراوێزەکانی ئازادی کە بەرهەمی ناجێگری دۆخی هەرێم و قوتبی نەبوونەوەی دەسەڵات و فەزای نیمچەکراوەی کوردستان بوو، نەبوونی هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی لە گەندەڵکاران و تاڵانچیان و بکوژی ژنان و سەرکوت و لەخوێنهەلکێشانی خۆپیشاندانەکان و زیندانی کردنی دەنگە ئازادەکان و بێدەنگە کردن یان هاوکاری دەزگا جاسوسیەکانی وڵاتەکان بۆ تیرۆری کادر و ئەندام و لایەنگران و چالاکوانەکانیان، ڕیگریکردن لە پیادەکردنی سەرەتاییترین مافە فەردی و مەدەنیەکان و بەدۆزەخکردنی ژیانی ژنان و مافەکانیان و وێرانکردنی خەونی سادەی لاوان و بەسواڵکەر کردنی خانەنشینان، کە هەموو تەمەنی جوانی و لاوێتی خۆیان بۆ چەرخاندنی کۆمەڵگە لەئەستۆ بووە. بەبنەماڵەیی کردنی حزب و دەسەڵات و بێ بەهاکردنی سیاسەت و کاری حزبایەتی، پەرەدان بە کۆنەپەرستی و داوکەتوویی... گۆشە بەگۆشەی کارنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی خۆوەڵاتی، بووە.

ئەم دۆخە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بۆ خەڵکی کوردستانی خولقاندووە، تەواوکاری سیاسەتی شۆڤینیزمی عەرەبییە بۆ ئاییندەی سیاسی کوردستان... دەسەڵاتی هەرێم لە بەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەزیدا داماوەو ئایندەی قەوارەی هەرێم روو لە داڕمانی یەکجاری و ئاییندەی سیاسی خەڵکی کوردستانیش لەبەردەم شەپۆلی شۆڤینیزمی عەرەبیدایە و ئەگەری دوبارە بوونەوەی سیاسەتە دژە ئینسانیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر خەڵکی کوردستاندا لە ئێستاوە لە ناوچە کێشە بۆ دروستکراوەکان و کەرکوکدا بەرجەستەو لە دژی تەواوی خەڵکی کوردستانیش پێشبینی کراوە...

خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر بەو دۆخەدا دەستەوەستان نەبوون و مێژوویی دوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعس، مێژووی بەرامبەرکێیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لەنیوان جەماوەری بێبەشی کوردستان و دەسەلاتی بۆرژوازی کوردا بووە. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ساتێک چییە خامۆش نەبووە. خواستی نان و موچەو خزمەتگوازرییەکان، ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان و نەمانی هەرەشە لەسەر ئایندەی سیاسی کوردستان، بەکورتی خواستی" نان، ئازادی، چارەسەری پرسی کورد" هەمەگیرترین و سەرەکیترین خواستی سەرجەم جەماوەری بێبەشی خەڵکی کوردستانی پێکهێناوە.

ئەم بزوتنەوەیە لە بزوتنەوەی داواکارییەکانەوە گۆڕاوە بە بزوتنەوەی رامالینی دەسەڵات. لە خۆشباوەریەوە گۆراوە بە رەوینەوەی خۆشباوەری، لە بێ ئیرادەیی و بی ئاسۆیەوە گۆراوە بە نیشاندانی توانایی و وێل بوون بەدوات ئاسۆی تردا. هێزی بۆرژازی تر هاتن و بەدروشمی قەبەو بریقەدارەوە ویستیان بزوتنەوەی نارەزایەتی لەدژی دەسەڵات بدزن، کەچی زوو مایە پوچ بوون و خەڵکی خۆشباوەری بە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش نەما...

لە هەلومەرجی ئێستادا کە لایەکەوە دەسەڵاتی بۆرژازی کورد و لەوپەرێ دۆخی خراپ و لەبەردەم نەفرەتی جەماوەریدایە، وە دەسەڵاتی ناوەندی هێشتا نا هاوئاهەنگ و پڕ کێشە و هاوکات ڕێگاچارەیەکی کارساز و تەندروستی نەک بۆ پرسی سیاسی کورستان نییە، بەجیا لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر بۆرژوازی کورد و کەنارخستنی دەسەڵاتی، هاوکات بە بارمتەگرتنی قوت و موچەی خەڵکی کوردستان دەیەوێت ئیرادەی سیاسی خەڵکی تێکبشکێنێت و دەسەڵاتی خۆی زاڵ بکاتەوە. ئەم دۆخە زەمینەی بۆ بزوتنەوەو هێزی سیاسی تر سازکردووە کە هەم لەبەرامبەر بەغداو هەم لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا ئەسپی خۆی تاو بدات. ئەم بزوتنەوەو هێزە... بزوتنەوەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش و هێزەکەشی چەپ و کۆمۆنیزمە. ئێستا ئیتر ژینگە بۆ کاری چەپ و کۆمۆنیزم، لە هەمیشە ئامادەترە.

هێزی چینی کریکار و چەپ و کۆمۆنیزم، ئەگەر ئامادەیی خۆی بباتە سەرەوە و ببێتە نوێنەری خواستە سەرەکی و هەمەگیرەکانی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لەوانە "نان و موچەو خزمەتگوازرییەکان، ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان، هەڵگری ڕیگاچارەی کارسازی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان" دەتوانێت، زۆر زوتر کۆتایی بەدەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد بهێنێت و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردیش مایەپوچ بکات و کارتی هەژموونی و باڵادەستی بۆرژوازی عێراقیش بسوتێنی و ئیرادەی سیاسی بۆ جەماوەری کوردستان بگێرێتەوە. ئەوە رۆشنە ئەگەر باڵادەستی بۆرژوازی عێراقی بەسەر هەرێمی کوردستاندا، لەسەر دەستی بۆرژوازی عێراقی بەسەمەر بگات، بەسودی جەماوەری بێبەشی خەڵکی کوردستان نییە. لەململانێی ناوەند و هەرێمدا، تەنها هێزیکی سەربەخۆی چینایەتی شۆرشگێر دەبێ ئالای رزگاری لەستەم و هەلاواردن و سەرکوت و بێمافی بەرز رابگرێت و خەباتی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان لەگەڵ خەبات و تیکۆشانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراقدا لێک گرێبدات.

کۆتایی سێبتەمبەی ٢٠٢٣

**خواستی نان و موچەو خزمەتگوازرییەکان، ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان و نەمانی هەرەشە لەسەر ئایندەی سیاسی کوردستان، بەکورتی خواستی" نان، ئازادی، چارەسەری پرسی کورد" هەمەگیرترین و سەرەکیترین خواستی سەرجەم جەماوەری بێبەشی خەڵکی کوردستانە...**

**لە هەلومەرجی ئێستادا کە لایەکەوە دەسەڵاتی بۆرژازی کورد و لەوپەرێ دۆخی خراپ و لەبەردەم نەفرەتی جەماوەریدایە، وە دەسەڵاتی ناوەندی هێشتا نا هاوئاهەنگ و پڕ کێشە و هاوکات ڕێگاچارەیەکی کارساز و تەندروستی نەك بۆ پرسی سیاسی کورستان نییە، بەجیا لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر بۆرژوازی کورد و کەنارخستنی دەسەڵاتی، هاوکات بە بارمتەگرتنی قوت و موچەی خەڵکی کوردستان دەیەوێت ئیرادەی سیاسی خەڵکی تێکبشکێنێت و دەسەڵاتی خۆی زاڵ بکاتەوە. ئەم دۆخە زەمینەی بۆ بزوتنەوەو هێزی سیاسی تر سازکردووە کە هەم لەبەرامبەر بەغداو هەم لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا ئەسپی خۆی تاو بدات. ئەم بزوتنەوەو هێزە... بزوتنەوەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش و هێزەکەشی چەپ و کۆمۆنیزمە. ئێستا ئیتر ژینگە بۆ کاری چەپ و کۆمۆنیزم، لە هەمیشە ئامادەترە...**

## درێژەی: بێ موچەیی تاوانێکی نەبەخشراو و داهێنانێکی پڕ شەرماوەری دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە!!

موچەخۆران ژیان و گوزەرانیان لەسەر موچەیە، بێبەشکردنی ئینسانی موچەخۆرە لە ژیانکردن... دارماندنی ورەو ئیرادەیانە، تێکشکاندنی شکۆ و هەیبەتی ئینسانیانە لەبەرامبەر داوای سادەو رەوای مناڵەکانیان. سێ مانگ بێ موچەیی لە دۆخی گرانی بازار و لە کاتێکدا باج و خەراجی جۆراو جۆر، پارەی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و موەلیدەو تەندروستی و خوێندن و هاتووچۆ کرێ خانوو.... دەبێ لەکاتی خۆیدا بدرێن و هەموویان قورساییەکی یەکجار زۆر لەسەر موچەخۆران دەکەن و ناچار بە قەرزکردن و چاونووقاندن لەخواستی مناڵەکانیان دەکەن، شێوازی ژیانیان نەک دەگۆڕێت، بەڵکو بەرەو دارمان و وێرانکردنی دەبەن... پاساوی دەسەڵاتی تاڵانچی بۆرژوازی کورد ئەوەیە کە بەغدا موچە نانێرێت، لەکاتێکدا موچەخۆرانی کوردستان لەهەرێمدا کار دەکەن و دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسە لە موچەو خزمەتگوزارییەکان. ئەو پاساوەی دەسەڵاتی کورد هیچ مانەیەکی نییە جگە لەوەی کە بانگەوازی موچەخۆران و خەڵکی کوردستان دەکات، بۆ وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لێکهەڵپیکراوی رێکخراو و هاوئاهەنگ بۆئەوەی لەدەسەڵات بیانکێشنە خوارەوە و دەسەڵاتی لەخوارەوەی خۆیان ولەڕیگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیانەوە، دابمەزرینن. کە لەڕیگای دەستبەسەراگرتنی داهاتی ناوخۆ و دامەزراوەکان و داهاتی دزراو لەدەستی بنەماڵە حزبی و هاوکارەنیان و دوبارە دابەش کردنەوەی بەسەر خۆیان و بەکاربردنی بۆ خزمەتگوازارییەکاندا. دەسەڵاتێک توانای موچەی موچەخۆرانی خۆی نەبێت، خزمەتگوزاری زۆر سەرەتایی پێ دابین نەکرێت، ئاسایش و سنورەکانی خۆی پێ نەپاریزرێت، لەهەمان کاتدا خۆیان و بنەماڵەکانیان ملیاردیر و ملیۆنیر و خاوەنی ژیانی شاهانەیی بن، پێویستی راماڵینی، وەکو پێوسیتی ئاو بۆ ماسی وایە. کاتی ئەوە نەک هاتووە زۆر وەدرەنگ کەوتووە کە ئەم دەسەڵاتە دەبێ بەهێزی جەماوەری هاوئاهەنگ و رێکخراو کۆتایی پێ بهێنریت، ئەوە زەمانەتی گێرانەوەی ئیرادەیە بۆ خەڵکی کوردستان وتاکی کورد، تابتوانێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی تالانچی و گەندەڵ و بۆرژوازی عەرەبدا بۆ مافە سیاسیەکان و دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان سەرکەتوو بێتە دەرەوە.

## درێژەی: ئەگەر راگرتنی فرۆشتنی نەوت لەماوەی شەش مانگدا زیانی ٦ ملیۆن دۆلار بووە، ئەی کوا داهاتی چەند ساڵەی فرۆشتنی نەوت؟

فرۆشتنی نەوت لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا، چ داهاتێکی زەبەڵاحی سەریەک ناوە، بەڵام نەخراوتە بەردەم رای گشتی و بۆ مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان لەوانە، موچە و خزمەتگوزارییەکان، سەرف نەکراوە، بەڵکو دزراوە. ئەوەی کەچەند مانگێک زیانی راگرتنی هەرێم چەند ملیار دۆلار بێت وەکو بەرپرسانی پارتی دەیڵێن، دەبێ بپرسین ئەی کوا داهاتی چەند ساڵەی فرۆشتنی نەوت؟ ئەی بۆچی رۆژ بەرۆژ قەرزی سەر هەرێم زیاتری کردووە؟

ئەو دانپیانانەی بەرپرسانی پارتی بەوەی کە راگرتنی فرۆشتنی نەوت تەنها لەوەی چەند مانگێکدا بە ملیاران دۆلار دەخەملێنرێت، ئەو راستییە دەخاتە روو کە دەسەڵاتی دەسترۆشتوی هەرێم، فرۆشتنی نەوتی وەکو سەرچاوەیەک بۆ کەڵەکردنی سەرمایەی چەند بەرپرسێک خستۆتە گەڕ، ئەگەر نا ئەو داهاتە قەبەیە دەیتوانی نەک موچە و خزمەتگوازرییەکان، بەڵکو کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی تەواو شارستانی بینابکاتەوە، ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی سەربەخۆیی و بوژاندنەوەی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خەزێنەیەکی پریش پاشەکەوت بکات.

ئێستا کاتی ئەوەیە هەر کەسێک بە هەر ئەندازەیەک خەمی هاولاتیان و موچەو خزمەتگوزارییەکان و ژیانێکی باشتری هەیە، یەخەی دەسەڵات و بەرپرسەکانی بگرێت و بیناخاتە ژێر گوشارەوە تا راستی داهاتی نەوتی فرۆشروای چەند ساڵە بخەنە ڕوو. وە لەلای هەر کەس و گروپێکە ناچار بکرێت بیگرێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی و هاوڵاتیان و لەسەر ئەوەش کە هەمیشە دەڵێن قەرزدارین، بدرێنە دادگا. ئاخر ئەوە دزییەکی یەکجار ئاشکرای دانپیانراوە، کاتێک بە وەستانی چەند مانگ لە فرۆشتنی نەوت چەندین ملیار زیان بکەیت، کەواتە بە فرۆشتنی بۆماوەی چەندین ساڵ، دەبێتە داهاتیکی خەیاڵی.

❊❊❊❊❊❊

## لیژنەی بەرگری لە ئاسایشی خەڵكی كوردستان پێكهات و ڕێگەی ئەنجامدانی یەكەمین چالاكیشی لێگیرا...

بەدەست پێشخەری ژمارەیەک لە کەسایەتی سیاسی و هەڵسوڕاوی مەدەنی و جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان لە چەند رۆژی رابردوودا، لیژنەی بەرگری لە ئاسایشی خەڵکی کوردستان پێکهاتووە، بێگومان دەستبردن بۆ وەها کارێک، لە بنەرەتدا ریشەی لەوەدایە کە ئاسایشی خەڵکی کوردستان هەمیشە لەژێر زەبری مەترسی جۆراوجۆری دەرەکی و ناوخۆییدایە... ناکۆکی و ململانێی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد "پارتی و یەکێتی" لەسەر داهات و دەسەڵات لەلایەک و دەستێوەردانی بەردەوامی وڵاتانی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگەی کوردستانی رووبەڕووی پشێویەکی زۆر کردۆتەوە و ئارامی و ئاسایشی خەڵکی کوردستان و هەڵسوڕانی سیاسی و ئازادییەکان و کار و چالاکی ئۆپۆزیسۆنی وڵاتەکانی ناوچەکەی، تێکداوە. خودی دەسەڵاتی سیاسی هۆکارێکی سەرەکی ئەو دۆخەیە. بۆیە دەستبردن بۆ لیژنە یان ریکخراوەی تر کە راستەوخۆ کار بۆ بەرگری لە ئاسایشی خەڵکی کوردستان بکات و ماکەکانی شێواندنی ئاسایشی جەماوەری کوردستان، ببرێت، پێویستی بە کاری راستەوخۆی جەماوەری هەیە کە لەڕیگای ئیرادەنواندنی خۆیەوە هۆکارەکان و مەترسییەکان و لایەنەکانی پشت تێکدانی ئاسایشی هاولاتیان، بخاتە کەنارەوە. دیارە هەوڵێکی ئاوا بۆ ئەوەی کارو چالاکییە مەدەنی و سیاسی و جەماوەری و یاسایی و نێودەوڵەتی و دیبلۆماسیەکانی...



خۆی پەرەپێبدات و سەراسەری بکاتەوە، توانایەکانی بباتە سەرەوەو هەنگاوی پێویست بەدەستەوە بگرێت، پێوستی بەوەیە هەموو کەسێکی هەڵسوراو و لایەنگر لە ماف و ئازادییەکانی و مافی مرۆڤ و مافە فەردی و مەدەنیەکان، پێوەی پەیوەست بن و بەهێزی بکەن. نەک هەر گوشار هێنانی بۆدەسەڵات، بەڵکو خۆیان هەنگاوی بەکردەوە لەرێگای ئەلگۆی گونجاو رێکخراوەوە بگرنە بەر بۆ ئەوەی خۆیان ئەرکی ئەم پاراستنی ئاسایشە و گێرانەوەی ئاسایش و ئارامی بگرنە ئەستۆ. چاوەروان مانەوە بەوەی لەڕێگای گوشار هێنانەوە بۆ دەسەڵات تا ئارامی ئاسایش بگێرێتەوە کەخۆی بەهۆی میلیشیاکانی، دەخالەتی حزبی، دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەهۆی دواخستنی موچە دزی و تاڵانی ئاشکراوە، ژینگەی نائارام نا ئاسایش کردووە، لە وەهم زیاتر شتیکی تر نییە... بەڵکو ئیرادەی لەخوارەوەی جەماوەری و کاری رێکخراو دەتوانیت ئەم ئەرکە بگریتە ئەستۆ و بەکردەوە خۆی ببێتە داینەمۆی پاراستنی ئارامی ئاسایشی هاوڵاتیان. گرتنە ئەستۆی کارێکی ئاوا لەلایەن ژمارەیەک لە کەسانی تیکۆشەر و ئازادیخواز و ئینسان دۆست، لەگەڵ پێشوازی جەماوەری ئازادیخواز بەرەو ڕوودەبێتەوە.

یەکەمین چالاکی ئەو لیژنەیە بانگەوازکردن بوو بۆ کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی لەبەرامبەر بە هێرشی درونی بۆسەر فرۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت، بەڵام بەو هۆیەوە کە خەڵکی ئازادیخواز و ئینسان دۆست پێشوازییان لەم چالاکیەو دەکرد و هاواری نارەزایەتیان بەروویدا بەرز دەکردەوە، دەسەڵاتی نۆکەر پیشە، بەپاساوی نەبوونی مۆڵەت رێگەی لە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە گرت. ریگرتن لەو چالاکییە مەدەنیانە بەدژی دەستێوەردانی و هێرشی دەرەکیدا، خودی ئەو دەسەڵاتە دەکاتە هاوکاری دەستێوەردانی دەرکی و دوبارەبوونەوە و چەند بارە بوونەوەی، بۆیە لیژنەی بەرگری لە ئاسایشی خەڵکی کوردستان حەقیانە، لەدژی بریار سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتیش هەنگاوی پێویست و کارا، بەدەستەوە بگرن.

بۆپێشەوە

# گەمەی ئاینەکان لە کێشەی ئەرمینیا-ئازەربایجاندا

نووسینی: ئیدریس مستەفا




هەر لە ئاینەکانی مەسیحی و ئیسلامەوە بە هەردوو مەزهەبەکەیەوە تا دەگات بە جوداییزم (ئاینی جوو) و هندۆسی.

لەوە ئاشکراتر نیيە کە ئاین هەمیشە دەسکەلای دەستی دەسەلاّتداران و دەوڵەتان بووە بۆ گەیشتن بە مەرامە سیاسیەکانی خۆیان، دیارە کرۆکی ئەو مەرامە سیاسیانە بەرژەوەندیە ئابورییەکانە وەک مەسەلەی وزە و بازرگانی کالاکان؛ بەلاّم کەمجار بووە بەو گەمەیەی کە ئێستا دەبینین لە کێشەی ئەرمینیا-ئازەربایجاندا.

ئاینی گشتی ولاّتی ئەرمینیا مەسیحیە و ئاینی ولاّتی ئازەربایجانیش ئیسلامە، بەلاّم شیعە مەزهەب. ولاّتانی دەوروبەری هەر دوولا بە ئاراستەی پێچەوانەی ئاینەکانی خۆیانەوە ململانێکانیان دەبەنە پێشەوە. گەر بە پێوەرە روحی و بەهاکانی ئاینەکیان بێت ئەوا گوناهی گەورە دەکەن، بەلاّم مادام بۆ گەمە سیاسیەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن ئەوا نە پیاوە ئاینیەکان هەن بە کافر و زەندەق ناویان ببات و نە خەڵکیش ئەو هۆشیاریە سیاسیەیان هەیە پێیان بڵێن بۆ گەمە بە ئاینەکانمانەوە دەکەن.

ئێوە سەیری ئەم گۆڕەپانە بکەن کە چۆن گەمە بە ئاین دەکەن:

ئێران ولاّتێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبە پشتیوانی ئەرمینیای مەسیحی دەکات لە بەرامبەر ئازەربایجانی ئیسلامی شیعە مەزهەب. تورکیای ئیسلامی سوننی مەزهەب پشت و پەنای ئازەربایجانی ئیسلامی شیعە مەزهەبە لە کاتێکدا پڕ کینەترین و پڕ خوێناویترین مێژووی مەزهەبەکان ئەو دوو مەزهەبە. خاڵی گومرگی زەنگەزوور ئەو رێرەوەیە کە ئێران نایەوێ تەنها ئازەربایجان یاخود تورکیا زاڵ بن بەسەریدا هەروەها هندستانیش چاوی لەم رێرەوەیە کە رێگەیەکی کورتەبڕە بۆ هاتوچۆی بازرگانی و گواستنەوەی وزە لە ئاسیای ناوەراست و تەنانەت هندستانیشەوە بۆ ئەوڕپا.

روسیا ولاّتی مەسیحی کۆمەکی ئەرمینیا مەسیحی نەکرد، بەڵکو پشتیوانی ئازەربایجانی کرد بۆ دەست بەسەرا گرتنی ناگۆرنی-قەرەباخ. لە لایەکی ترەوە، ئیسرائیل وەک ولاّتێکی ئاین جوو پەیوەندیەکی ستراتیجی لەگەڵ ئازاربایجاندا هەیە بەوەی ئیسرائیل زیاتر لە سەدا چلی وزەی ولاّتەکەی لە ئازەربایجان دەکڕێ. هەروەها گەورەترین بنکەی موسادی ئیسرائیلی لە باکۆی پایەتختی ئازەربایجانە و هەر ئەم خاڵەش بە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی ئێران دادەنرێت لەگەڵ ئازەربایجاندا.

بوونی نیزیک بە پانزە ملیۆن ئازەری شیعە مەزهەب لە ئێران ترسێکی گەورەی تارانە گەر بێتوو پشتێنەی پانتورکیزمی تورکیا و ئازەربایجان درێژ ببێتەوە بۆ ولاّتانی تورکی ئاخەوەری سەنتەری ئاسیا وەک قرگیزستان و ئۆزبەکستان و کازاخستان (بە ئیزافەی تورکمانیستان و باکوری قوبرسیش کە ئەندامی ئەم ریکخراوە نین، بەلاّم سەر بەو پشتێنەیەن). بەهەرحال، ئەم پێنج ولاّتی تورک زوبان ساڵی ٢٠٠٩ لە ئازەربایجان ریکخراوێکی تایبەتیان دامەزراند بە ناوی رێکخراوی ولاّتانی تورک زوبان یاخود ئەنجومەنی ولاّتانی تورک زوبان کە ئۆفیسە سەرەکیەکەیان ئێستا لە ئیستانبوڵە و ئەندامە هەمیشەییەکانیشی تورکیا و ئازەربایجان و ئۆزبەکستان و کازاخستان و قرگیزستانە. کۆی دانیشتوانی ئەم پێنج ولاّتە زیاتر لە ١٥٧ ملیۆن دەبێ. گەر رۆژگارێک ئازەری ئێرانیش پێیانەوە پەیوەست ببن ئەوا ژمارەکە خۆی دەدات لە نزیک ١٧٥ ملیۆن کە نەک هەر ئێران دەکوێتە خەتەریاتەوە، بەڵکو ژمارەی فارس زوبان بۆ کەمتر لە یەک لەسەر سێی ئەم ژمارەیە کەم دەبێتەوە کە هەرگیز نەتوانێ بەرامبەرکێی ئەم سیاسەتە پانتورکیزمە بکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هاتنە ناوەوەی هندستانە بە هندۆسیەکەیەوە. هندستان پەیوەندی باش بووە لەگەڵ ئەرمینیا و یەکێک لە بازارەکانی چەک فرۆشی بۆ هندستان ئەرمینیا بووە. هندۆسی بە جەمسەرێکی بەهێزەوە هاتوتە ناو ئەم ململانێیەوە و دەیەوێ قسەی هەبێ لە ئەرمینیا لەبەر دوو هۆ: یەکێکیان پەیوەندی و نزیکبوونەوەی سێ قۆڵی تورکیا و ئازەربایجان و پاکستانە؛ دوومیشیان، تاکو زامنی ئەرمینیا وەک یەکێک لە خاڵەکانی رێرەوە ئابوریەکەی کە بازاڕی هندستان بە بازارەکانی ئەورووپاوە ببەستێتەوە بەتایبەت لە رێرەوی گومرگی زەنگەزووردا.

لە هەندێ حاڵەتدا، ئەگەری نەمانی هەندێ ولاّت هەیە و ئەم حاڵەتانەش لە مێژوودا بە غەدری جوگرافیا تۆمارکراون. نەمانی ولاّتان تەنانەت میللەتەکانیش چ لە ئەنجامی هەلاّیسانی جەنگە گەورەکاندا یاخود لە ئەنجامی سیاسەتە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەکان روودەدەن. بۆ ئەرمینیا خەتەری ئەو پشتێنە پانتورکیزمیە کە ئەملاولای گرتووە. هەر وەک چۆن کۆماری کوردستانی سوور (١٩٢٣-١٩٢٩) کە لە هەمان جێگەی ئێستای ناگۆرنی قەرەباغ بوو، نەک هەر تیاچوو بەڵکو هیچ ئەسەرێکیشی نەما ئەوا ئەرمینیاش بە هەمان دەردا دەچێ. ژمارەی کەمی دانیشتوانەکەی و لاوازبوونی بەرەبەرەی لۆبی ئەرمینی لە دەرەوەی ولاّتان و سیاسەتی ملهوڕی حکومەتی ئەرمینیا بە پشت کردنە روسیا و ئامێز گرتنەوە بۆ ئەمریکا و ئەوروپا ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەرمینیا وەک ولاّت بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەچێت. روسیا تەنها زامنی مانەوەی ئەرمینیایە بەلاّم پەیوەندیەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئاماژە بە تێکچوونی ترسناکی ئەو پەیوەندیە دەکەن و ئەمەش بۆ ئەرمینیا گەلێک خراپە.

# داگیرکردنی زانکۆکان شێوەیەکی تر لە نارەزایەتی خوێندکارانی فینلاند

## بنار مستەفا

پێکهێنانی راستڕەوترین حکومەت لە مێژووی فینلاند و بەیانکردنی نەخشە و بەرنامەی حکومەتەکەیان، کە کەمکردنەوەی بەرچاوی بودجەی خزمەتگوزاری و بیمە کۆمەلاّیەتییەکان و لاوازکردنی مافەکان لە خۆ دەگرێت، نارەزایەتی و کاردانەوەی فراوان و جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. بەردەوام کۆپیشاندانی چین و توێژە جیاوازەکان لە شەقامەکان دەبینرێت و بانگەوازی بۆ دەکرێت. یەکێتیە کرێکارییەکان بە چەندین شێوە نارەزایەتیان دەربڕیوە و شێوەی تریش تا ئاستی مانگرتنی گشتی، لە دەستوور کاردایە، گەر حکومەت پاشەکشە نەکات لەسەر ئەو بەرنامەیەی داناوە جێبەجێی بکات.




خوێندکاران بەشێکی تری بەرچاون، لەوانەی دەبنە قوربانی بەرنامەی ئاڵوگۆڕە فراوانەکانی حکومەتی نوێ. کەمکردنەوەی دەرماڵەی خوێندکاران و گەراندنەوەی بەرپرسیارێتی زیاتر بۆ خوێندکاران لە ئەستۆگرتنی ژیانیان، بە مانای دژواری زیاتر و هەرەشە لەسەرنەکەوتنی خوێندنیان دەبێت، بۆیە زوو خوێندکارانی بەخەبەر هاتن و دەنگیان هەڵبڕی. هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەی لایەنەکانی حکومەت بۆ دارشتنی بەرنامەکەیان، خوێندکاران بۆ چەندین شەو و رۆژ لە بەردەم بینای کۆبوونەوەکان چادریان هەڵدا و تێیدا مانەوە و دروشمی جۆراوجۆریان بەرزکردەوە و بەم شێوەیە هەڵمەتێکی گەورە دەستپێکرد.

لەگەڵ بەیانکردنی بەرنامەی حکومەت و دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، خوێندکارانی زانکۆکان بە بەرنامە دەستیان گرت بەسەر زانکۆکاندا و بە لافیتەی گەورە نووسیان "دەستی بەسەردا گیراوە". تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە، بۆ نۆهەم رۆژە کە خوێندکاران شوێنی گشتی زانکۆکانیان خستوتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و شەوان تێیدا دەمێننەوە و داوای پاشەکشە لە بریارکانی حکومەت دەکەن. خوێندکاران بە بەرنامە و کاری هەرەوەزی و پشتیوانییەک کە دەکرێن، شەو و رۆژ لە زانکۆکاندا دەمێننەوە، بۆ دەزگا راگەیاندنەکان قسە دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە، کە ئامادە نین دەست لە نارەزایەتی هەڵگرن، تا حکومەت پاشگەز نەبێتەوە لە بریارەکانی. بەجیا لە زانکۆکان ئەم جۆرە لە نارەزایەتییە خوێندکارانی ئامادەییەکانیشی گرتەوە و دەیان ئامادەیی لە لایەن خوێندکارانەوە داگیرکران.


رۆژی ٢٨ی مانگ لە یەکێک لە هۆڵەکانی زانکۆی هێلسینکی کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەرگری ولاّت بەڕێوەدەچوو بە بەشداری سەرکۆماری. وێرای هەڕەشە لە خوێندکاران بۆ کۆتاییهێنان بە نارەزایەتییەکانیان و گەراندنەوەی زانکۆکان، بەلاّم خوێندکاران ملیان نەدا. رێگەیان دا بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە، بەلاّم لە دەرگای هاتنە ژوورەوەی زانکۆ تا ژووری کۆبوونەوەکە لە هەردوو بەری رێگاکەکە خوێندکاران ریزیان گرتبوو و دروشمیان دەوتەوە. سەرئەنجام سەرکۆماریش ناچار بوو بێتە دەنگ و هاوخەمی لەگەڵ خوێندکاران دەربڕێت.

ئەم جۆرە لە نارەزایەتییە نیشانی دەدات، کە ملکەچبوون بە بریارەکانی حکومەت پێویست نییە، ئەگەر تەنانەت بە ناوی هەڵبژاردن و دەنگی خەڵکیشەوە تۆمار بکرێت. هەروەها دەریدەخات، کە شێوەی نارەزایەتی فراوان و دەکرێت دەست بۆ چەندین شێوەی جۆراوجۆر ببرێت و کاریگەری دابنێت. هەر ئەم نموونەیە نیشانی دەدات، کە کاری رێکخراوەیی و بەرنامەدانان و بەردەوام بوونی پێکەوەیی، دەتوانێت لە گەیشتن بە خواستەکان نزیکتربێتەوە.

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسا رۆژێ/ پرسا مووچەی... بەرێز ماموستا بەدەل بەروارک چالاکڤانێ مەدەنی سیاسی بەرسڤا پرسیارا ڤێ ژمارێ دا.



**بۆپێشەوە: ئەڤە بو ماوەیێ ئەندین سالایە پرسا مووچەیێ فەرمانبەریان هەریاما کوردستانێ (باشوور) دقەیرانیادایە ودهیاتە گریادان ب پرسیان سیاسی و کیاشیان نافخۆییان هیازیان سەرەکی، و هەریاما کوردستانێ و بەغدا و هاتا دگەهیتە پرسان ئابوورک و دارایی و ئیدارک.**

**ماموستا بەدەل بەروارک:** دووبارە پشتی حکومەتا ناڤەندی نیڤەك ژ هیازا خۆ ڤەگەراندی ل ڤان ماوەیاندا وپاشەکشەیا حکومەتا هەریامێ ب ریاکاریان یاسایی: پرسا مووچەی ر تەمامی بوویە قەیرانەك بۆ حکومەتا هەریامێ وریاکا چارەسەرکرنێ ت بەردەستێ وان نینە.

**بۆپێشەوە: - ب بووچونا هەوە بنەمایێ قەیرانا مووچەی بو چ دزفریت؟**

**ماموستا بەدەل بەروارک:** ل سالیان( ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٣) خەلکێ هەریامێ ب هەمی تەخە و چیناڤە ژیانەکا خۆش بریاڤە دبر ئەوژک ژ ئەنجامێ ئەو بودجەیا بەغدا بۆ هەریامێ هەمی هەیڤانە رەوانەدکر ب تایبەتی مووچەیێ فەرمانبەران ، ژبلی داهاتێ نافخویێ هەریامێ( گاز - گومرك- باجە) .




ل سالا (٢٠٠٧) هەریامێ گاز بەرهەم ئیناو راستەو خۆ فروت، ب دەرئیاخستن و فروتنا گازێ بێ رەزامەندییا بەغدا چەندین ئاریشە دنافەرا حکومەتا هەریامێ بەغدا دروست بوون، ل دوماهیا سالا ( ٢٠١٣) سەروکێ ئەنجومەنیان وەزیریان عیراقێ (نورى المالكي) بریاردا بودجەیا هەریامێ نە فریاکەت .

ل هیڤا ئەیلولێ (٢٠١٤) شەرێ داعش دەستپکر، دگەل دروست بوونا شەرێ داعش حیاجەت بۆ حکومەتا هەریامی خۆش بو مووچەییان فەرمانبەران ببریت ل هیڤا ئەیلولێ سالا (٢٠١٥) ب حیاجەتا نە هنارتنا میزانیێ ژلایێ بەغدا و شەرێ داعش دگەل هەریامێ.

نەدانوو لیابرینا مووچەی ژسالا ( ٢٠١٥ هەتا ٢٠٢١) یا بەردەوام بوو.

**بۆپێشەوە: - ئەرێ هەتا کەنگی خەلك دێ بیادەنگیێ هەلبژیارن ل بەرامبەر مافێ رەوایێ خۆ، کو نەدانا کریایا کارێ وانایە؟**

**ماموستا بەدەل بەروارک:** تشتەکێ فەشارتی نینە دەستهەلاتا هەریامێ خۆ یا سەپاندی ل سەر خەلکێ هەریامێ بیات زنگین دبن و دڤیات نەدانا مووچەی بیاخنە سەر حکومەتا بەغداد، ڤە بۆ زانین پتریا خەلکێ هەریامێ دزانن کو دەستهەلاتا هریامێ دشیات مووچەییان فەرمانبەران بدەن! بەلێ نادەت هەتا بیاژتە خەلکێ مە گاز ژک داڤێ بەلێ میزانیا هەریامێ رەوانە ناکەن.

**بۆپێشەوە: - دڤیات چ بهیاتەکرن ژلایێ مووچە خوران؟**

**ماموستا بەدەل بەروارک:** ب دیتنا مـن؛ ئەوا ئەڤە ئەندین سالە فەرمانبەریان هەریامێ ژبەر هەر ئەگەرەکی بیت نەشیاینە حکومەتا هەریامێ نەچاربکەن مووچەی بدەن ڤیاگاڤیژک نەشیان چ بکەن. بەلێ دڤیات کار ل سەر هەندێ بهیاتەکرن چەندین لایەنیان سیاسی وکەسیان ریاکخستی بریاکا پەرلەمانێ بەغداو ریاکخراویان بیانێ وئەمریکا گڤاشتنا ل سەر بەغدا وهەریامێ ئەنجام بدەن. بەغدا راستە وموووچەیێ فەرمانبەریان هەریامێ بدەت وهەمی کیاشەییان دنافەرا

> **دەستهەلاتا هەریامێ خۆ یا سەپاندی ل سەر خەلکێ هەریامێ ب هەر شیاوەیەکێ هەبیت، ترسەکا مەزن یل ئیاخستییە ددلێ خەلکێ ب گرتن وزیندانکرن ونان برین...,**

خەلکێ هەریامێ ب هەر شیاوەیەکێ هەبیت، ترسەکا مەزن یل ئیاخستییە ددلێ خەلکێ ب گرتن وزیندانکرن ونان برین..., ژبەر ئەڤێ چەندی پتریا خەلکی ئەگەر نەبیاژم هەمی دترسن داخارا مافیان خۆ بکەن.

دگەل ئەڤێ چەندێ ئەم هەمی بیات بینین ب چ شیاوە رۆژ بۆ رۆژک بەرپرس عەیالیان وان ل سەر حسابا هەریامێ بەغدا بهینە چارەسەرکرن وهەلبژارتنیان پاقژ بهیانە ئەنجامدان، وئەڤان هەردوو حزبیان دەستهەلات ژ سەر حکمی راکەن و ئەو داهاتیا هەریامێ بۆ خزینا حکومەتا هەریامێ بزفرینن و پاشەکەفتێ فەمانبەرو بەلیاندەریان (مقاول) هەریامێ بدەن.

*****

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne



# خولانەوەی بەختیار عەلی لە ناو بازنەی وەهم دا:

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

لەم ڕۆژانەدا پارچەیەک لە وتارێکی بەختیار عەلی کە لە ساڵی٢٠١٧دا نوسیویەتی لە پەیچی خۆی لە فەیسبوک بڵاو کرایەوە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا و وەسفکردنی ئەو مێژووە بە وەهم و خورافات ودرۆ وەسفکردنی ڕیفراندۆم بە چڵە پۆپەی ئەو وەهمە . بابزانین خۆی چیمان پێ ئەڵێ لە برگەی یەکەمی پارچە وتارەکەدا هاتووە و ئەڵێت : (واقعی سیاسی لە کوردستان لە دوای ڕاپەرینەوە جگە لە مەکینەیەکی گەورە بۆ سەوزکردنی خەونی درۆ و بەلارێدا بردنی عەقڵ و دروستکردنی خورافات هیچی تر نەبووە، وەهمی ڕیفراندۆم چڵەپۆپەی گەیشتنی ئەو دونیا وەهمییە بوو کە ناوی سیاسەتی کوردییە بە ترۆپکی خۆی) لێرەدا بەختیار عەلی بە بێ لێکدانەوەی واقعی ماددی وپێداویستی بوونی ئەو

**ریفراندۆم مافە بۆ تاکی مرۆڤ بۆ بڕیار دان لەسەر مەسەلە چارەنوس سازەکان. دژایەتی ماف بۆ مرۆڤ هەڵەیە، هەرووەك چۆن بیمەی تەندروستی و كۆمەڵایەتی و بیمەی بێكاری مافە، هەرووەك ئازادی رێكخراو بوون و كۆبوونەوەو خۆپیشاندان مافە، هەرووەك چۆن ئازادی سیاسی و بیرورا مافە، ڕیفراندۆمیش مافە. هەركەس دژی ئەم مافانە بێت نامۆیە بە مرۆڤایەتی و سەردەمی ئەمڕۆ...**

واقعیەتە ڕاستەوخۆ دەگاتە واقعی سیاسی، هەموو چاک دەزانین واقعیەتی ماددی سیستەمی سەرمایەداری و نەزمی نوێ ی جیهان لەدوای ڕووخانی بلۆکی شەرق ئەم واقعە سیاسیەی لە کوردستانیش دروست کرد وەک پێداویستیەکی ئەم نەزمە. سیاسەتیش دەبێ ئەم پێداویستیە دابین بکا بۆ ئەمەش ئەحزابی قەومی ومیلیشیای پێویستە وە سیاسەتیش لای ئەمانە واتە درۆو فریودان و دزی ڕاو و ڕووت، بۆ نەزمی نوێ و ئەمەریکا ئەمە پێویستە، هەر ئەم واقعە ماددیە کوردستانی کرد بە کەمپێک یا ئوردوگایەک نەسەربەخۆ و نەوابەستە بە عێراق بێت، ئەمە کۆمەڵگeی کوردستانی تووشی دەیان دەردو نەگبەتی کرد بۆیە دەبوو ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون بدۆزرێتەوە، باشترین ڕێگا ئەوە بوو کوردستان جیابێتەوە لە ڕێگای ڕاپرسیەکی گشتییەوە یا ریفراندۆمەوە. حیزبە قەومی و دینی میلیشیاکان ئەم ڕێگەیان هەڵنەبژارد، کۆمۆنیستی کرێکاری و مەنسور حیکمەت ئەمەی پێشنیار کرد، ئەمە نەک وەهم نەبوو, بەڵکو ڕێگا چارەیەکی زۆر واقعیش بوو, چونکە لەزۆر وڵاتی دونیا ئەمە تاقی کراوەتەوە وە جاڕدانی گەردونی مافەکانی مرۆڤیش بەرەسمی ناسیووە. ئەگەر بەختیار عەلی بەم ڕیفراندۆمەی ئەم دوایەی دەڵێت (چڵە پۆپی وەهم) دیسانەوە خۆی دەخاتەوە ناو وەهم چۆن ؟ ریفراندۆم مافە بۆ تاکی مرۆڤ بۆ بڕیار دان لەسەر مەسەلە چارەنوس سازەکان. دژایەتی ماف بۆ مرۆڤ هەڵەیە، هەروەک چۆن بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری مافە هەروەک ئازادی ریکخراو بوون و کۆبوونەوەو خۆپیشاندان مافە، هەروەک چۆن ئازادی سیاسی و بیرورا مافە ڕیفراندۆمیش مافە، هەرکەس دژی ئەم ماافانە بێت نامۆیە بە مرۆڤایەتی و سەردەمی ئەمڕۆ، ئەگەر ئەو پێی وایە کاتی ئەوە نەبوو وە ئامادەیی نەبوو ئەی کوا پێشنیاری ئەو بۆ کات و بۆ ئامادە بوونی ریفراندۆم، من پێم وایە هیچ کات وەک ئەو کاتە زەمینە لە بار نەبووە، نەک ئەوکاتە پێم وایە لە دەیەی نەوەدەکانیش ئەو زەمینەیە هەبووە، لەهەر کاتێکا کێشەی میللی هەبێ زەمینەی ریفراندۆم بۆ جیا بوونەوە یا پێکەوە ژیانی یەکسان هەیە. بەڵام من هاوڕام لەوەی کە ناسیۆنالیزمی کورد توانای ئەم پراکتیکەی نییە کەچی هێشتا دەکرا بەفشار لەسەرحیزبە ناسیۆنالیستەکان ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن و بەسەرکەوتنی بگەیەنن، بەداخەوە فشاری بەرەی ئازادیخوازو چەپ وکۆمۆنیست بەو ئەندازەیە نەبوو، هێشتاش بەبێ دەسکەوت نەبوو ئەوەی کەلە ٩٣٪ خەلک دەنگی بەجیا بوونەوە دا ئەوە دەسکەوتێکی مەعنەوییە، ئیتر ئەوەی نیوەی خاکی کوردستان مەبەست لە کەرکوک وخانەقین و دەروبەری لەدەستدرا ئەوە پەیوەندی بە ریفراندۆمەوە نییە، ئەوە پەیوەندی هەبوو بەحکومەتی مەرکەزیەوە کە پێویست بوو ئەو ناوچانە دوای نەمانی داعش بخاتەوە ژێر دەستی خۆی هەرووەک هەمیشە حکومەتەکانی ناوەند لەسەردەمەکانی تری مێژوودا کەهێزیان پەیدا کردووە هێرش و داگیرکاریان زیاتر بووە بۆ کوردستان بەبێ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمیش. بەلای بەختیار عەلیەوە حیزب نوێنەری چین نییە، بەڵکو حیزب پێناسەیەکی ئەخلاقی هەیە. ئەو پێی وایە حیزب باش وخراپ هەیە وئەم حیزبانەی ئێستا لەوە دەرچوون کە پێیان بووتری حیزب، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو میتۆدی ئایدیالیستی بەکار دەهێنی حیزب وەک هیزێک وماتریالی چین ناناسێت. دیار نییە ئیتر ئەو حیزبەی ئەو دەیەوێ چۆنە و چی بکات؟ بەختیار عەلی دەڵێت : (حیزب یەک مانای هەیە ئەویش کۆکردنەوەی هێز بۆ گۆرینی کۆمەڵگە لە ڕێگای تێڕوانینێکی هوشیارەوە بۆ کێشەکانی. حیزب دەتوانێت ئایدۆلۆژیای نەبێت، بەڵام ناتوانێت بێ فیکر بێت، حیزبی نائایدۆلۆژی ئەرکی لە حیزبی ئایدۆلۆژی سەختترە، بەوەی دەبێت بەردەوام فیکر و بۆچوون و تێڕوانینی هوشیارانە بەرهەم بهێنت) حیزب لای بەختیار عەلی بۆ کۆمەڵگەیە، نەک بۆ چین، ئەوە هەمان پێناسەی حیزبە قەومی ودینیەکانە کە خۆیان بەحیزبی هەموو کۆمەڵگە دەزانن بەهەموو چین و توێژەکانەوە لەکاتێکدا چین وتوێژەکان بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە، بەرژەندییەکانیان دژ بەیەکن. بەختیار عەلی حیزبی لەسەر بنەمای بەرژەوەندە ئابورییەکان ناوێ، بەڵکو حیزبی بۆ هەمووان بۆ کۆمەڵگە دەوێ. بەڵام حیزبێک بێ هۆشیارو بەردەوام فیکر و بۆچوون و تێراونینی هوشیارانە بەرهەم بهێنێت، ئەمەش وەهمە و ئیمکانی نییە. نموونەی ئەم جۆرە حیزبانەش هەبوون وئێستایش هەن ئەوە گۆڕان و نەوەی نوێ هەر ئەوەیان کردوە، بەڵام ئایا ئەمانە هەر لەبەرژوەندی چینە داراو دەوڵەمەندەکاندا نەبوون؟ بەڵێ بێ گومان. کەوایە حیزبی لەم جۆرەی بەختیار عەلی وەهمە و هەرگیز ناتوانێ لە بەرژەوەندی چینە هەژارو ستەم لێکراوەکاندا بێت. پێناسەی حیزب لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی بەشیکی ترە لە تێگەیشتنی بەختیار عەلی بۆ حیزب. بە بڕوای من هیچ حیزبێک نییە، تەنها بنەمای ئایدیۆلۆژی هەبێ ئەگەر چی حیزبی چەپ بێ یا ڕاست و ئیسلامی یا کۆمۆنیست بێت، هەموو حیزبێک لەسەر بنەمای ئابوری دەناسرێتەوە واتە لەڕووی ئابورییەوە نوێنەری کام چینی کۆمەڵایەتییە، هەر لەواقعیشدا ئەمە سەلمێنراوە. سەرجەم حیزبە ڕاستەکان کەدەسەڵاتیان بووە یاساو دەستوری حکومەتەکەیان لە بەرژوەندی سەرمایەداردا بووە وەپێش دەسەڵاتیش نکوڵییان لە بەرژوەندە چینایەتییە جیاوازەکان کردووە هەر بە ناوی حیزبی گەل وحیزبی نەتەوەو حیزبی کۆمەڵگە... هتد، خۆیان ناساندووە. بۆیە بەرای من ئەم حیزبانەی کوردستان هەر حیزبن، بەڵام لە بەرژەوەندی بۆرژوازی وسەرمایەداران و وە بەشێوەی میلیشیاو مافیا. نەک کۆتاییان هاتبێ وەک ئەو دەڵێت . سەرتاپای پارچە وتارەکەی بەختیار عەلی بخوێنیتەوە ڕێگا چارەو بەدیلی تیانابینی، واتە ئەو هەر ڕەخنەو لێکدانەوەی کردووە، ئەودەزانێ ئەگەر بەدیل و ڕێگا چارەی هەبێ دەبێ کاری بۆ بکاو ببێتە شۆڕشگێر لەم حالە و لەم قاوغەی ئێستای بێتە دەرەوە لەکەسێکی ئەکادمیست و دوور لەکۆمەڵگە ببێتە کەسێکی پراکیتیکی و ڕێگای ئاڵوگۆڕ بگرێتە بەر، بەڵام ئەو ئەوەی ناوێ. لە مێژوودا کەسانی لەم جۆرە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا زۆر بوون و ئەکادمیست و فەیلەسوفیش بوون، بەڵام هەر ڕەخنەو لێکدانەوەیان هەبووە لەوانەیە بەشێکی بەرچاو لە ڕەخنەکانیان دروستیش بووبن، بەڵام ڕێگاچارەیان پێ نەبووە. هەروەک پێش مارکس فەیلەسوفەکان هەر تەفسیریان کردووە کەچی مارکس پێی وتن هەر تەفسیر کردن بەس نییە، گۆڕینی کۆمەڵگە گرنگە. ئەوەی لە ماوەی ٣٢ ساڵی لە کوردستاندا دەگوزەرێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ باروگوزەرانی خەڵک خراپتر دەبێ تەنها هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ حیزبەکانی دەسەڵات و حیزبە ئیسلامی و گروپە سەلەفیەکان و بەشێک لە چەپەکان بە بڕوای من ئەم نوخبەیەش لە ڕۆشنبیران و ئەکادمیستە وردە بۆرژوانەی وەک بەختیار عەلی و ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە خەتابارن، چونکە هیچ ڕێگاچارەیەکی گونجاویان نەخستوەتە بەردەم خەڵکی کوردستان . بەختیار عەلی و ئەو ڕۆشنبیرانە هەر خەریکی ئەوە بوون ڕەسمی واقعەکە بگرن بێ ئەوەی دەسکاری بکەن لە ناو وەهمی بازنەیەکدا خولاونەتەوە دەرگایان نەکردوەتەوە بۆ دەرباز بوون لێی. تەنها کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێگای ڕزگاربوونی بۆ چینە هەژارو نەدارەکان و بۆ سەرجەم چین و توێژە ستەمەلێکراوەکان کردوەتەوە کەچی لای ئەم ڕۆشبیرانە زیاتر لە پارتی ویەکێتی دژایەتی کراون. بۆیە ئەمانیش کۆسپ و ڕێگر بوون لەبەردەم گۆڕینی واقعی کوردستاندا و هەمیشە دژی حیزبیەت وڕێکخراو بوون بوون وە تەنانەت بوونەتە هۆکارێک بۆ سارد بوونەوەی زۆرێک لەو کەسانەی کە باوەڕیان بەحیزب بووە و بەوە گەیشتوون حیزب هیچ نییە بۆ خۆیان پاشەکشەیان لە خەباتی حیزبی و چینایەتیش کردووە. دوا قسەم ڕوو لەو کەسانەیە کە خۆیان بە مارکسی و چەپ ئەزانن کە پشتیوانی لەو تێڕوانینە نامارکسی و نالۆجیکەی بەختیار عەلی ئەکەن و بابەتەکەی بڵاو دەکەنەوە و پۆستەکەی بۆ لایک دەکەن دەست خۆشی لێ دەکەن، پێیان دەڵێم لە ئێستا بەدواوە گومان لە مارکسی بوون و چەپ بوونی خۆتان بکەن.

❋❋❋❋❋

**هێزی چینی كرێكار، لە یەكگرتووبوون و رێكخراوبوونیدایە!**



# ماری کوری

## وەرگێڕانی لە ئینگلیزی یەوە: هاوژین ڕەشید

ماری سکلۆدۆسکا کوری، کچێکی شەرمن بوو و زۆر حەزی لە سروشت بوو. واناسرابوو کە زۆر کاری دەکرد بەدڵسۆزی. وە زۆریش بە کرداری دەژیا. لە ڕۆژی بوکێنیدا، عەزیەکی شینی تۆخی پۆشیبوو کە بۆ ماوەی چەند ساڵان هەر هەمان جلی لەبەردەکردەوە تەنانەت کاتێ لەناو تاقیگەش ئیشی دەکرد. "هیچ جلێکیترم نییە، جگە لەوەی کە هەموو ڕۆژێ لەبەری دەکەم. ئەگەر بەنیازی هێندە میهرەبان بی کە دەستە جلێکم پێ ببەخشی، تکایە با هێندە باش و کرداری بێت کە بتوانم یەکسەر لەبەری کەم و بڕۆمە ناو تاقیگەوە." ماری وای دەگوت. لە وارشەو لە ساڵی ١٨٦٧ لەدایکبووە. ماری بچوکترین منداڵبوو لەنێوان خوشک و براکانیدا کە پێنج منداڵبوون هەموویان لە ماڵێکدا گەورەبوون کە تێیدا زۆر جەختدەکرایەوە لەسەر پەروەردە و خوێندن. بابی مامۆستا زانست بوو و دایکیشی بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو. ماری چوو بۆ قوتابخانەیەک کە زوو زوو شوێنەکەی دەگۆڕی بۆئەوەی ئاشکرانەبن لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوەوە بۆ ساڵانی خوێندنی کۆلێژیشی، ماری و خوشکەکەی کاریان دەکرد بۆئەوەی بتوانن پێی بخوێنن، چونکە بابیان ئەو پارەیەی نەبوو کە خەرجی خوێندنیان بۆ دابینکات. لە ساڵی ١٩٠٣ دکتۆرای بەدەستهێنا. هەمان ساڵیش ماری بوو بە یەکەم ژن کە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرابێت. ئەو لەگەڵ دوو کەسیتردا بەجیا خەڵاتکران کە یەکێکیان هاوسەرەکەی بوو لەپای ئەو دۆزینەوە و توێژینەوەی لە بواری فیزیادا بەدەستیان هێنا بەتایبەتی لە بواری چالاکی ڕادیۆیی. وە لە ساڵی ١٩١١ دا دووبارە خەڵاتی نۆبڵی پێ درایەوە ئەمجارەیان بۆ توێژینەوەکامی بوو لەسەر کیمیا. هەمیشە ڕووبەڕووی کێشەی جێندەری دەبۆوەو پرسیاری زۆر لێ دەکراو ڕەخنەی لێ دەگیرا بەوەی کاتەکانی زیاتر لە ئیش کردندا بەسەردەبات لەجیاتی پێگەیاندن و پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیدا. ماری زیاتر سووربوو لەسەر توێژینەوە بەدواداگەڕانەکانی بۆئەوەی شتی تازە بدۆزێتەوە. لەساڵی ١٩٣٤دا کۆچی دوایی کرد بە نەخۆشی مۆخی ئێسقان بوو وایان بیردەکردەوە کە بەهۆی بەردەوامی بەرکەوتنەکانی بە تیشکی ڕادیۆییەوە وای لێ هاتبێ.

# ماری هۆپسن و زمانی ڕوسی...



ماری هۆپسن، (١٩٢٦-٢٠٢٠) مامۆستای مۆسیقا بوو. لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا لەپڕ بڕیاریدا کە خۆی فێری زمانی ڕوسی بکات. لەبەرئەوەی تۆڵستۆی خۆشدەویست و حەزی لە نووسینەکانی بوو، کچەکەی نوسخەیەکی لە کتێبی "شەڕ و ئاشتی" بۆ هێنا. ئەویش بڕیاریدا کە ئەو دوو هەفتەیەی لە نەخۆشخانە بەسەری دەبات، داینێ بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە وەکو دەرفەتێک بیقۆزێتەوە و بزانێ باسی چ دەکات. بەڵام شۆک بوو بەوەی هیچی لێ تێنەگەیشت، بۆیە بڕیاریدا خۆی فێری ئەو زمانە بکات کە ڕۆمانەکەی پێ نوسراوە و بۆخۆی وەریگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە، مامۆستایەکی زمانی ڕوسی لەناو پەنابەراندا دۆزییەوە و دەستیکرد بە گەشتەکەی بەرەو فێربوونی زمانی ڕوسی. لە تەمەنی ٦٢ساڵیدا ماری وای لێهات دەیتوانی زمانی ڕوسی بخوێنێتەوەو تێیبگات. بەڵام ڕۆمانەکە هێشتا لەوە قورستربوو کە بتوانێ وەریگێڕێ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. ماری پەیوەندی کرد بە زانکۆوە لە بەشی زمانی فەلسەفە. لەگەڵ ئەوەی هاوپۆلەکانی تەمەنیان ١٩ساڵ و ٢٠ ساڵبوون، ماری یەکسەر وەرگیرا وەکو قوتابی قۆناغی دووەمی زمان. زۆر ئاسانیش بوو بە هاوڕێی زۆربەیان. لە تەمەنی ٦٤ساڵیدا، بۆ خولێکی ڕاهێنانی ١٠مانگی چوو بۆ مۆسکۆو کاتەکانی زیاتر لەناو کتێبخانەدا بەسەردەبرد. هەر لەوێش دەستیکرد بە وەرگێڕانی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) و توانی زۆر جوان وەریگێڕێ و ئاستی ڕۆمانەکە بپارێزێ و وشە بە وشە ئاگاداری بێت. لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا، پەیوەندیکرد بە خوێندنی باڵاوە و توانی تێزی دکتۆراکەی بە زمانی ڕوسی بنوسێت. بۆئەوەی دوای تۆڵستۆی ببێتە وەرگێڕێکی ناسراو و باوەڕپێکراو، ئەوجارە شعرەکانی پۆشکینی وەرگێڕاو کتێبێکی دەنگی دەرکرد بە دەنگی خۆی. بەمەش کۆمەڵێک دیاری پێبەخشران. ماری هۆپسن، شاعیر و نوسەر و وەرگێڕی ئینگلیزی، ٣ڕۆمانی نوسیون و مەدالیای ئاڵتونیی پۆشکینی پێ بەخشراوە لەگەڵ خەڵاتی دیفوت.

**وەگێڕانی لە عەرەبییەوە: هاوژین ڕەشید**



## پرسی ژن ؟


بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

بەرپرسی گۆشە: هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com

# دیمانە لەگەڵ چیا عەبدوڵا...

## سازدانی: هاوژین ڕەشید



**هاوژین ڕەشید: سەرەتا خۆ ناساندنێک و ئیش و کار و ژیانی ڕۆژانەت، سەبارەت بە کارکردنی ژنان لە ئێستادا تاچەند گەشبینی؟**

**چیا عەبدوڵا:** ڕۆژانەم وەک هەرکەسێکی ئاسایی دەست پێدەکەم، بەئەنجام دانی بەرپرسیارێتیەکانی خۆم و هاوسەرو منداڵ و ماڵ. پرسی کاری ژن ئێستا زۆر قۆناغی تێپەڕاندوە، باسەکە لەسەر ئەوەیە چ کارێک ئەنجام دەدات تا جێ دەستی دیار بێت، جێ کارو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەکەی دیار بێت، نەک تەنها قسە لەسەر ئەوە بێت کە کارێک دەکات و تەنها فەرمانبەرێکەو تەواو، ئێستا دەبێت باس لەچۆنیەتی بێت باس لەکوالێتی و تایبەتمەندی بێت، باس لەجیاوازی و دانسقەی و دڵسۆزی بێت، زۆر گرنگە خانمان بەو جۆرە بیربکەنەو و پەیکەڵی بکەن لەهەرکارێک کە ئەنجامی دەدەن.

**هاوژین ڕەشید: ئایا شتێکی باشە کە ژنان هاوشان و بگرە باشتر لە پیاوان هەوڵدەن و داهاتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، یانیش هەر بەشێوەیەکی ئاسایی بژین و پشت بە باوک و برا و مێرد ببەستن؟**

**چیا عەبدوڵا:** مرۆڤ بۆ متمانە بوونی بەخۆی و وجودی و هەستکردن بەژیان پێویستی بەوەیە ڕۆڵ بگێڕێت لەسەر ئەو شانۆیەی تیایی دەژی، ئەوە زۆر ڕاستە ئەرکی ئافرەت چەند بەرامبەرە لەهەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەکەدا، خۆی ژن لەئەسڵدا بێکار نییە بەتایبەتی کە هاوسەرگیری دەکات و دەبێت دایک، بەڵام ژیانی ئێستا وادەخوازێت کە لەگەڵ ئەرکی ماڵ و منداڵ دەبێت ئەرکی مادیش لەئەستۆ بگرێت، بەهۆی ئەوەش سروشتی خانمان زیاتر سۆزدارییە ئەو هەوڵانەی لەڕوی هەست و شعورەوە دڵ خۆشی دەکات و کاتێکیش لەڕووی مادیەوە بەرپرسیارێتی خۆی هەڵدەگرێت زیاتر هەست بەمتمانەو جێگیری خۆی دەکات.

**هاوژین ڕەشید: تاچەند زەمینە گونجاوە بۆ کارکردنی ژنان لە کایە جیاوازەکانی ژیاری کۆمەڵایەتیدا لە باشوری کوردستان؟ وە ڕێگریەکان چین؟**

**چیا عەبدوڵا:** وەک کار زەمینە هەیە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد تەنها کارکردنەکە ئامانج نییە، گرنگە خانمان جۆری ئەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکەن ناساندنی توانای ئەوان بێت، من دڵنیام خانمی زۆر بەسەلیقەو تواناداڕمان هەیە بچێتە شوێنی هەستیار و گرنگ کاری گەورەتر لەوەی دەبوایە پیاوێک بیکات باشتر ئەنجامی دەدات.

**هاوژین ڕەشید: مێژووی کاری دەستی لە باشوری کوردستان ئەگەر زانیاریت هەبێت. چەند ساڵە بە کاری دەستی یەوە خەریکی و جۆری کارەکانیشتان چی یە؟**

**چیا عەبدوڵا:** دەست ڕەنگینی خانمانی کورد لەگەڵ هەویری وجودی شێلراوە، لەماڵ و لەدەشت و لەگەڵ ئاژەڵ و بەروبومەکانی هەمیشە هەبوەو باس نەکراوە، ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە برەوی پێدراوەو هەوڵ دراوە بەبازاڕی بکرێت بەمەبەستی ئەوەی بکرێتە سەرچاوەی داهات بۆ خانمان کەئەمە هەوڵێکی مۆدێرن و جوانە. هەوڵ بۆ کوالێتی بەئیبراز کردنی بدرێت لەلایەن بەرپرسانەوە کەئاسانکاریشە بۆ ئەوان، داواکاری لەسەر دامەزراندن کەمتر دەبێتەوە و گەنجان سەرقاڵی برەودان دەبن بەتواناو لێهاتویەکانیان و زۆر باشتر بازاڕی پێویستیەکانیش لەناو خۆدا برەو دەدات بەخۆی و لەکۆمەڵگەیەکی بەکاربەرەوە وردە وردە بیگۆڕین بۆ بەرهەمهێنن، کارێکی تابڵێی جێی دەستخۆشی و شانازی کردن دەبێت بۆمان، ئەمەش مەحاڵ نییە هەر یەکێکمان بەتواناو هەوڵی خۆی بەشێکی بچوکی پڕ بکەینەوە، ئەو کات نەک تەنیا ئافرەتان سوردمەند دەبن، بەڵگو هەموو کۆمەڵگە سودمەند دەبێت.

ئەوەی کەئێستا کردومە براندن و کاری لەسەر دەکەم و تەرکیزم لەسەریەتی کەسەرچاوەی داهاتم بێت، هیوایەتی منداڵی و هەرزەکاریمە سوچی حەوانەوەی دەروونم بووە و دەست ڕەنگینی و هونەری فیکرو دەروونمە کەئارامی پێ بەخشیوم و تایبەتمەندی خۆمم تیا هێشتۆتەوە، بەڵام ماوەی دووساڵە کردومەتە کار و براند دڵخۆشم پێی، کوردەوایش پڕە لەڕەنگ و جوانی و ڕەنگینی، زەمینەیەکی لەبارە بۆم تا هونەری خۆممی تیا بنەخشێنم...


گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە. یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام

# مەودای خەیاڵ لە هاتن و نەهاتنی نوسینی شیعردا

## نووسینی / جەمال نوری





ئەم دەقە شیعرەی مەحمود قەرەداخی شاعیر یەکێکە لەو دەقە نوێیانەی وەرزی نوسینی شیعر، لەگەڵ ئەوەی قەرەداخی یەکێکە لەو شاعیرانەی ناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکانی دەیەی ڕابردوو، لەگەڵ جیلی حەمە عومەرو دلاوەرو هـ یواو چەندانی تری ئەو قۆناغە دژوارەی ئەدەب هاتۆتە ناو دنیای شیعرو ئەدەب کەخاوەن زمان و ڕیتم و دنیا بینی تایبەت بەخۆی هەیە، قەرەداخی یەکێکە لەو دەنگە شیعریانەی کە هەرگیز حەزی بە خۆدەرخستن و خۆ بردنە پێشەوە نەبووە، بەڵکو ئەو بڕوای وایە شاعیر گەر توانی لەڕێگای شیعرەکانیەوە خزمەتێ بە کتێبخانەی کوردی و خوێنەرانی کورد بکات، ئەوا ئیدی پێویستی بە نمایش و ئارایشت نییە بۆ جوانکردنی، مەحمود لەو شاعیرانەیە بەبڕوایەکی تەواو بەخۆی و بەو بیئەو گەشەکردن و کارتێکردن و کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنی کۆمەڵگەوە ڕۆژێ نەسڵەمیوەتەوە ، بەڵکو بە ورەو ئیرادەوە گوزارشتی لە بوون و کەینونەی خۆی کردوە، ئەوەی نوسیونی زادەی بیرو ئەندێشەی ئەو ڕۆژگارو ژیانەیە کە قەرەداخی بەرخوردی کردوە لەگەڵیدا، ئەوەی هەستمپێکردوە قەرەداخی تائێستا و لەسەرەتاشەوە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی، واتە بۆ ساتێکیش حەزی بە جوینەوەو وەرگرتن نەکردوە. هەرچەند وەرگرتن ئەگەر بۆ جوانکردن و داهێنانی ئەدەبی بێ ئەوا ئاساییەو زۆرێک لە شاعیرانی دنیا ئەمەیان تاقیکردۆتەوە. مەحمود قەرەداخی ڕاستگۆیانە دەنوسێ و ئەوەی دەشینوسێ زادەی ئازارو ژانەکانی خۆیەتی، ئەو لەگەڵ ئەوەی شاعیرێکە لەهەمان کاتدا ڕۆژانە ئەو ئازارو ئارەقەو ماندووبونانەی کرێکارانی هاوڕێی دەبینێ بەیانیان دەستەکانی دەخاتە ناو دەستە زبرو شەقار کراوەکانی کرێکارەوەو تەوقەو سڵاویان لێ دەکات بە حوکمی کاری ڕۆژانەو بژێویەوە. بگەڕێنەوە سەر ئەم تێکستە شیعرە جوانەی شاعیر هەست بە نوێگەری و وەرزێکی تازەی زمانی شیعری مەحمود قەرەداخی دەکەم بەشێوەیەکی ئێستاتیکا گوزارشت لە دنیای خەیاڵی نوسینی شیعر دەکاتەوە... بیرکردنەوە لە خەیاڵ لە پانتای نوسینی شیعردا بەسەر زۆربەی شاعیراندا هاتوە بەحوکمی ئەو ئەندێشەو بیرکردنەوانەی شاعیر کە بۆ شیعر هەیەتی، واتە شیعر بەبێ خەیاڵ لەڕیزکردنی وشە نەبێ لە هیچی تر ناچێ، ئەمە جگە لە زمانی نوسینی شاعیر کە بۆ خۆی ئەو فەنتازیایە دەخولقێنێ کە پێی دەوترێ شیعر، لێرەدا قەرەداخی ئاماژە بۆ ئەو خەیاڵە شیعریەی خۆی دەکات و دەڵێ:

**دیدارێکم، بەڕوت ببمەوە...**

**چ لەوپەرستنە؟**

**پڕبێت لەنەشئەی خەیاڵ،**

**ببێتە پەیکەرێک**

**تالەبەردەمیا سوجدەیەکی پەرستن**

**نەشئەکەم بڕژێ وبەتاڵ..**

**چ تاڵییەکە لەو ڕشتنە؟**

**تاخەیاڵێک ببمەوە،**

**پرلەوتەرپییەی نێوانمان**

**یادگارییەکانمان بەڕۆمانێک**

**لەجوانییەکانمان بنووسمەوە..!**

کاتێک شاعیر بەر دنیای خەیاڵی دەکەوێ زۆر وردو لەسەرخۆ مامەڵەی لەتەکدا دەکات نەبادا ئەو چێژو خۆشی و نەشئەیەی لەڕێگای بونیادی خەیاڵیەوە پێی گەیشتوە، لەپڕێکا بەربێ و بڕژێ و لەدەستی بچێ، چون ئەو هێشتا پێویستی بەو نەشئە خەیاڵە هەیە کە تەڕو پاراو لەنێوانیاندا کە پڕاو پڕی جوانیەکانیان بە یادگاریەکانی ناویەوە بنوسێتەوە، هێشتا ئەو پێویستی پێی هەیە، ئەم دێڕە شیعرە تەواو پێچەوانەی دێڕە شیعرێکی مامۆستا گۆرانی شاعیرە بۆ خەیاڵ ئاوا دەنوسێ...

**هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**

**بۆم ناخرێتە ناوچوارچێوەی هەڵبەستم**

**لێکدانەوەی دەروون قسەی زبانم**

**بۆچی وەها دوورن لەیەک نازانم**

گۆران... لێرەدا دەیەوێ بگا بە خەیاڵێک بۆ وێناکردنی ئەو جوانیەی بینیویەتی و وێنای بکات بەشیعر لەڕێگای زمان و خەیاڵەوە، بەڵام لێرەدا لای گۆران ئەوەی غایبە ونایەتە بەردەمی نابێتە هەوێنی بۆ نوسین یان تەواوکردنی شیعرەکەی (خەیاڵە)، تەنها زمان حزوری هەیە لەویانەدا، بۆیە گۆران ئەو جوانیەی بینیویەتی هێچگار تایبەتەو گومانی هەیە تەنها زمان بتوانێ پەی پێبەرێ، لەبەر ئەمەیە دەیەوێ مەودای خەیاڵی فراوانتر بێ، تاوەکو بەزمان و خەیاڵ بتوانێ ئەوەی لەدڵ و دەروون و روئیای گۆراندا هەبووە بە شیعر تەوزیفی بکات.!

# بە ئاگا لە تاریکی بەرەبەیان

## نووسینی / سوهیل زەهاوی



بە ئاگا لە تاریکی بەرەبەیان
دوو چامەیە

لە رۆخی دیکەی دوڵەکەدا
بەفری ئاسمان لوتکەی چیاکان
و
زوورگ و ناو دوڵەکانی نوقم کردووە
بەفریکی دەروشاوەی سپی وەك بەردی لێهاتووە
لەوێ.. هێلانەی باڵندە کێویەکان
لەگەڵ ئازارادا سروەیەکی فێنك هەڵدەمژێن

بە ئاگا لە تاریکی بەرەبەیان دا
لە لوتکەی سەربەرز شۆڕ دەبمەوە
بە پیاسەیەکی سەروەریانە لە رێگای تونێلەکە
لە رۆژێکدا ئاسمانەکەی هەور گرتوویەتی
بەروحێکی پڕ خەون و گڕگرتوو
رێگا هەڵدەبژێرم
ئاوێزانی نێوان ئەرزو ئاسمان
لە کولانەکانی درێژو تاریکی رۆژگار
ڕەنگی خۆر سەری کرد بەسەر ئایندە دا

ئەوەتە ئاسمان خاڵی بوو
لە هەورە تۆزاوییەکان
لەشوێکی ئەنگوستە لە چاودا باران باری
گەردەلوول و زریان بەسەری دا زاڵە
گەردەلوولی ترسناك هەرەشەی لێ دەکا
کە هەڵیلوشێ؟
یادەوەری خەونی سەری کرد،
زیندانی تاکە کەسی نەیبەزاندم
ئازارەکانی شەوگاری ساردی زەمهەریر
لەوێ کە ناڵی فریشتە دەنگ ئەداتەوە
ئیرادەو هەڵویستم لە شوێنی خۆی دا نەلەقی
خەنجەرێك بە لا ورگمەوە بوو
زاگروز بەسەر شانەکانم هەڵگرتبوو
بۆ کەنار خەونێکی ڕازاوەو جوان.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە / هاوڕێ نەهرۆ

# هۆکارو زەمینەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەرێمدا

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەشکرکێشی و دەستێوەردان، کردنەوەی بنکەو بارەگا، هێرشی درۆنی و کردەوەی تیرۆریستی لەدژی کادر و لایەنگر و هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆمباباران و هێرش بۆسەر بنکەو بارەگای جێگیری هێزەکانی نیشتەجێی هەرێمی حزب و لایەنە سیاسیەکانی ئۆزیسیۆنی تورکی و ئێرانی...تاد. لە کوردستانی عیراقدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام لەهەر بڕگەیەکدا دەستێوەردان لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارو مەبەستی جیاواز جیاوازی هەبووەو هەیە.

بەدوای جەنگی کەنداو و لەساڵی ١٩٩١ و پاشان کشانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەبازی و ئیداری بەعس بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو، لەوکاتە بەدواوە دەستێورەدان و ملهوری نواندنی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستاندا بووە واقعیەتێک. ئەم بڕگەیە راستەوخۆ بەرهەمی سەرگەردانبوونی کوردستان بوو، واتە دیارنەمانی ناسنامەی حقوقی جوگرافیایی کوردستان بوو لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا. لەم دۆخەدا بەکردەوە کوردستانی عێراق لە عێراق دابڕا، بێئەوەی ناسنامەیەکی تر ببێتە چوارچێوەی ئەم جوگرافیاییە و بۆشایی سیاسی و ئەمنی بووە لایەنیکی سەرەکی دۆخی هەرێم. ئەم دۆخە وایکرد هەر وڵات و دەوڵەتێک بەوجۆرەی دەیویست یان بەدوای هەر بەرژەوەندییەکەوە بوایە بەئاسانی و بێدەردەسەری و بێ هیچ بەرهەڵستی و کارادانەوەیەکی حکومی و یاسایی و نێودەوڵەتی، دەیتوانی سنورەکانی ببەزێنێت و تەراتین لە دۆخی کوردستاندا بکات... دەتوانیین بڵێین سنورێک نەمابوو. لەو چوارچێوەیەدا دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران و تورکیا بووە واقعیەتیکی هەموو ڕۆژە و لەوەش زیاتر دەروازەیەک بۆ هێرشی بەردەوام بۆسەر هەرێم و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان. وە کردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای سەربازی و هەواڵگری...تاد، لە ئاکامی ئەم دۆخەدا سەرگەردانی سیاسی کوردستان خۆی زەمینەکانی ناجیگری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەمنی، گەیاندە ترۆپک. یەکێتی و پارتیش وەکو دوو لایەنی نەیاری یەکتری و لە چوارچیوەی ململانێی دەسەڵاتیاندا بەسەر هەرێمدا بوونە دوو لایەنی وابەستە بەهەرکام لە دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە، بەجۆرێک پەیوەندی پارتی و یەکێتی لەگەڵ تورکیاو ئێران، بەهێز تر بوو تا بەغدا. لەوانەش زیاتر پارتی و یەکێتی بۆ وەرگرتنی رەوایەتی دەسەڵاتی حکومیان!! لەلایەن تورکیاوە، شەریان لەدژی هێزەکانی پەکەکە بەناوی حکومەتەوە، و لەژێر



پاساوی کەڵک وەرگرتنی پەکەکە لەسنورەکانەوە بۆ لێدان لە تورکیاو ناسەقامگیری سنورەکان دەست بۆ برد و لە سنوری سەوزی یەکێتیش بەجیا لە قوتکردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای سەر بە ئیتلاعات، دەستی باندەکانی ئێران ئاوەڵاکراو هاوکاری کرا بۆ تیرۆری سەدان کادر و هەڵسوڕاوی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی.

برگەی دوای روخاندنی رژێمی بەعس و پێکهاتنی حکومەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە، برگەیەکی ترە کە دۆخی سیاسی عێراق ئاڵوگۆڕی بەسەدا دێت، لەو نێوەدا ناسنامەی حقوقی خەڵکی کوردستان، وەکو بەشێک لە عێراق، پێناسە دەکرێتەوە و هێزەکانی بۆرژوازی کوردیش، لەو حکومەت و دەسەڵاتەدا بەشدار و بەشیان پێدەبرێت. تەنانەت پارتی و یەکێتی بەکەڵک وەگرتن لە لاوازی حکومەتی عێراق، و ئەزموونێکی دەسەڵاتداریێتی کە لە ساڵی ١٩٩١ وە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هەیانە، لە پێگەیەکی بەهێزەوە دەبنەوە بەشێک لە هێزی پێکهێنەری حکومەت لە ناوەند و زامنکردنی درێژەدان بەدەسەڵاتی خۆشیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا. وەهاوکات بەشیوەی فەرمی و بەکەڵک وەرگرتن لە دەستور، چوارچێوەیەکی یاسایی دەبەخشرێتە دەسەڵاتیان... واتە بەپێچەوانەی پێشوو کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەهۆی بۆشایی سیاسی و حقوقی و ناسنامەییەوە، بە خۆبەستنەوەیان بە مێژووی سیاسی و پرسی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەوە، خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا دادەسەپێنن و دەسەڵاتیان هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی و یان رەنگدانەوەی هیچ ڕیکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا نییە، بەڵکو راستەوخۆ بەرهەمی سەرگەردانی و بۆشایی سیاسییە.

ئەم بڕگەیە لەگەڵ ئەوەدا حکومەت لە عێراقدا پێکدێت و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، دەبێتەوە بە بەشێک لەدەسەڵاتی ناوەند و چوارچێوەیەکی یاسایی!! لەژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا، دەبەخشیتە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا... بەڵام لاوازی دەسەڵاتی ناوەند چ لە ئاستی عێراق و ناوچەکدا و چ بەسەر هەرێمی فیدراڵ!! دا، لاوازی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش لەبەرامبەر بە باڵادەستی و ئێران و تورکیادا، ناتوانێت رێگە لە دەستێوەردانی ئێران و تورکیا بگرێت، لەوەش زیاتر تورکیاو ئێران ئەمجارە بەردەوامیدان بە دەستێوەردانیان لە کوردستانی عێراقدا، بەهۆی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و ون بوونی ناسنامەی حقوقییەوە نییە، بەڵکو بەو هۆیەوەیە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێمدا لاوازو لەلایەکی تریشەوە پارتی و یەکێتی چ بۆ پاراستنی هاوسەنگی هیزیان بەرامبەر بەیەکتری و هەردوولاشیان بۆ راگرتنی باڵانسی دەسەڵاتیان لەگەڵ بەغدا، بەتەواوەتی دەچنە باوەشی تورکیا و ئێرانەوە... ئاستی داخوازی و مەبەستی دەستێوەردانەکانی ئێران و تورکیاش جیاواز لە کاتەکانی پێشووە. ئەمجارە تورکیا و ئێران بەهۆی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و نادیاری ناسنامەی حقوقی کوردستانەوە نییە کە دەستیوەردانی بێمنەتانە بکەن، بەڵکو ناچارن تا رادەیەک ئەوە بە فەرمی بناسن کە حکومەتێک لە بەغدا پێکهاتووەو کورستانیش بەشێک لەو حکومەتەیە، بۆیە دەیانەوێت بەشیوەی داواو مامەڵەی رەسمی پارتی و یەکێتی ناچاری ئەوە بکەن هاوکاریان بن لە لێدان و سنوردارکردنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و تورکی.

برگەی ئێستای دۆخی سیاسی هەرێم و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەو لەوانە ئێران و تورکیا، جیاواز لەهەر دوو برگەکانی پێشووە. دەتوانین بڵێین رەوەندی دوای روداوەکانی شەری داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر، رەوەندێکی تەواو جیاوازو هاوکات نوێیە. نە دۆخی سەرگەردانی کوردستان و نە بەشداری پارتی و یەکێتی لە حکومەتی مەرگەزی پیکهاتووی دوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسە. تەنانەت ناجگیری سیاسی هۆکاری دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لەهەرێمدا نییە، بەڵکو دەستێوەردانەکان هۆکارێکە بۆ ناجگیرکردنی زیاتری دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، لەچوارچیوەی رەهەندی خێراکردنەوەی گێرانەوەی باڵادەستی بەغدا بەسەر هەرێمدا، تەنانەت ئاستی هێرشەکانی وڵاتەکان و جۆرەکان و ئاستی داخوازییەکانی تورکیاو ئێران زیاتر بووەو بە پلەی یەکەمیش روویان لەدەسەڵاتی بەغدایە نەک دەسەڵاتی هەرێم.

هێرشەکانی ئەم دوایەی تورکیا و ئێران لە هێرشی درۆنییەوە بۆ موشەکباران و هێرشی زەمینی بۆسەر سنورەکان و تیرۆری بەردەوامی ناوشارەکان و ئاستی داخوازییەکانیان نەک تەنها بۆ چۆلکردنی بنکەو بارەگا چەکدارەکانیان گواستنەوەی بۆ ناو قولایی شارەکان و داسەپاندنی ژیانی کەمپنشینی، بەڵکو داخوازی و گوشارهێنان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم بە رادەستکردنی دەیان لە سەرکردەو کادری حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، پێشهاتی تازەو سەرەتای دەورەیەکی نوێیە لە پێشوازی پیشهاتی تازەدا بۆ ئاڵوگۆر لەدۆخی سیاسی هەرێم و رادەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی سیاسیدا.

تورکیاو ئێران وەکو دوو دەوڵەتی بالادەستی ناوچەیی، ئامانجەکانیان لە درێژەدان بە دەستێوەردانەکانیان لە ئاستی ناوچەکەو بەدیاریکراوی لە عێراقدا بەرادەیەکی زۆر جیاواز لە ئامانجەکانی پیشوویانە و هەلومەرجەکەش تەواو جیاواز لە دۆخی پیشووە.

چ ئیران و چ تورکیا، دەستێوەردانەکانیان لە ئێستادا بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی هەرێمدا دەچێتە پێشەوە، و چوارچێوەیەکی فەرمی بەخشراوە بە دەخالەتیان. بۆ تورکیا بەجیا لەوەی دەیەوێت جەنگی خۆی دژی هیزە نەیارە ئۆپۆزیسیۆنەکانی لەرێگای هاوکاری حکومەتی ناوەند و هەرێمەوە بکات و هاوکات دەیەوێت لە دۆخی ئێستای

بۆ لاپەڕە... 13



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## حیزبی کۆمۆنیست و ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کریکاری

## بـەشی چوارەم

### ٤/ حیزبی کۆمۆنیست و ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کریکاری

ئاشکرایە کە ئامانجی حیزبی ئێمە ئەوەیە، ڕابەرانی عەمەلی و ئاژیتاتۆرە خاوەننفوزەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕیزەکانی خودی حیزبدا بن و هەڵسووڕانی ئەوان لە چوارچێوەی گشتیی هەڵسووڕانی حیزب و لەژێر دیسپلینی ڕێکخراوەیی و ڕێبازی سیاسیی حیزبدا بێت. بەڵام چ بۆ هەنگاونان ڕووەو ئەم ئامانجە و چ بۆ هەرچی زیاتر کاریگەریی کۆمۆنیستی لەسەر نارەزایەتییەکان و خەباتی ئێستای کرێکاری، ئێمە دەبێت ئەمڕۆ بۆ بەدەستهێنانی ئاژیتاتۆری بەتوانا، لەدەوری هەڵسووڕانی ناحیزبی کرێکارانی پێشڕەو تەوەرە ببەستین. ئێمە دەبێ لەسەر ئیمکانات و پەیوەندی و کەرەستەیەک کە لە ئارادایە کار بکەین.

> **لە هەر ئاکسیۆنێکی دیاریکراودا ئێمە دەبێت بتوانین پەیوەندییەکی سیاسی_ ڕێکخراوەیی دیاریکراو و پتەو لەگەڵ ڕابەرانی عەمەلیی ئاکسیۆندا پێك بهێنین. لە هەلومەرجی ئێستادا، کەسانێك کە دەبێ شوێنی سەرنجی ئێمە بن، دەتوانرێت بە دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەم، کرێکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلیی خاوەن پێشینەی کار. دووەم، ئامادەیی نوێ و ئەو ڕابەرانەی کە لە حاڵەتی شکڵگرتندان ...**

هەر وەکوو گووترا، ڕابەری عەمەلی و ئاژیتاتۆر دروستکراوی حیزبی ئێمە و هیچ ڕەوتێکی سیاسی دیکە نییە. ئەم دیاردەیە بەشێکی لێکدانەپچڕاوی نارەزایەتیی کرێکارییە. بەم پێیە مەسەلە ئەوە نییە، کە ئێمە ژمارەیەک لە ئاژیتاتۆر بنێرینە مەیدانی عەلەنیی کارەوە (هەرچەندە سەردەمێک دێت، کە ئاژیتاتۆرە پیشەیی و گەڕۆکەکانی حیزب، سەرەڕای ئاژیتاتۆری ناوچەیی، ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن)، بەڵکوو کارکردنە لەسەر ڕابەرانێکی عەمەلی کە هەن، لە پێناو کارتێکردن و ڕاکێشانیان بۆ حیزب و ڕێنماییکردنی ئەوان لە حاڵەتی ڕوودانی ئاکسیۆن لە لایەکەوە و پەیوەستکردنی هەڵسووڕانی حیزبییە لەگەڵ پرۆسە و میکانیزمی گەشەی ئاژیتاتۆرە نوێکان لەنێو کرێکاراندا لە لایەکی ترەوە. ئێمە دەبێ ئەو ڕابەر و ئاژیتاتۆرانەی مەوجودن و ئێستا لە ئارادان، ڕابکێشین و لە شکڵگیریی ئاژیتاتۆرە نوێکانیشدا، بە بیروباوەڕ و ئوسوڵی ڕۆشنی کۆمۆنیستییەوە بەشداری بکەین. ئەمە بەشێکە لە کاری ڕۆتینی ئێمە. بەڵام لە هەر ئاکسیۆنێکی دیاریکراودا ئێمە دەبێت بتوانین پەیوەندییەکی سیاسی_ ڕێکخراوەیی دیاریکراو و پتەو لەگەڵ ڕابەرانی عەمەلیی ئاکسیۆندا پێک بهێنین. لە هەلومەرجی ئێستادا، کەسانێک کە دەبێ شوێنی سەرنجی ئێمە بن، دەتوانرێت بە دوو دەستە دابەش بکرێن: یەکەم، کرێکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلیی خاوەن پێشینەی کار. دووەم، ئامادەیی نوێ و ئەو ڕابەرانەی کە لە حاڵەتی شکڵگرتندان. ئاشکرایە، کە دابەشکردنی ڕابەرانی عەمەلی، بەئەزموون و تازەکار، یەک دابەشکردنی شماتیک و وشکە. لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ تەیفێک لە کرێکاران بەرەو ڕووین، کە بە پلەی جیاواز بۆ ئاژیتاسیۆن، خاوەنی هۆشیاری سیاسی و توانای عەمەلین. دیاریکردنی وردی شێوەڕەفتار لەگەڵ هەر حاڵەتێکی تایبەتدا، بێگومان تەنها لە لایەن خودی هەڵسووڕاوان و شانەکانی ئێمە لەنێو کرێکارانەوە بە دەست دێت. بەڵام هەمان دابەشکردنی شماتیک بۆ فۆرموولەکردنی هاوڕێیانی ئێمە بە کەڵکە.

ئەلیف) ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرانی عەمەلیی خاوەن ئەزموون و ڕابـــــــــــــــردوو. ئەم دەستەیە لە کرێکاران ئەزموونێکی سەخت و پڕ لە ڕەنج و دەردیان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەسەر بردووە. گوشاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی کرێکاری بە گشتی لەسەر ئەم هاوڕێیانە بووە. ژمارەیەکی زۆریان لە سێدارە دراون، گیراون و لەسەر کار دەرکراون. بەشێکیان توانای ئیشکردنیان لە کارگە گەورەکاندا لەدەست داوە و بە ناچار ڕوویان کردووەتە کارگە بچووکەکان. جێگایەک کە یەکەم، شوێنێکی بەرتەسکە بۆ هەڵسووڕانی ئەوان، دووەم، پێشینەی خەباتکارانەی ئەوان لەوێدا کەمتر ناسراوە و بە ناچاری لە نفوز و خۆشەویستی پێشوویان لەنێوان کرێکاراندا بەهرەمەند نین. زۆربەیان خۆیان بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست دەزانن. بەڵام کۆمۆنیزم بە ڕیوایەتی پۆپۆلیستەکان و ڕیڤیژینیستەکان فێربوون. لەبەر ئەوە قەیرانی ڕیڤیژینیزم و پۆپۆلیزم ئەوانیشی دووچاری قەیران و سەرەگێژەی ئایدیۆلۆژی و بێباوەڕیی سیاسی کردووە. لەڕووی عەمەلییەوە تا ڕادەیەکی زۆر گۆشەگیر و پەرش و بڵاو بوون، پەیوەندییە پەرەگرتووەکانی پێشویان لەگەڵ یەکدا نەماوە. نیگەرانی لە مەترسی ئەمنییەتی و ئەزموونی تاڵی شێوەکاری پۆپۆلیستی، ئەوانی بەرامبەر بە ڕێکخرابوون لە سازمانی کۆمۆنیستیدا دووچاری دوودڵی کردووە. مەسەلەی دەرامەت و گوزەرانیش بە توندی شانی ئەوان قورس دەکات و ئەمە گۆشەگیریی سیاسیی ئەوان توند دەکاتەوە. بە گشتی ئالۆزیی فیکری، خۆ لە ڕێکخراو دزینەوە، دڵساردی و خۆپارێزی، نەبوونی مەیدانی گونجاو بۆ هەڵسووڕان، گیروگرفتی گشتی ئەم کرێکارانەیە. لە هەلومەرجێکدا کە سەرکوت و بنبەستی پۆپۆلیزم و "خەلککەرایی" تەنانەت ڕێکخراوەکانی وەکوو "ڕاهی کارگەر"، یان ئەڵقەکانی پاشماوەی خەتی ٣ (کە کاری سەرجادە و سەرووچینایەتی سیفەتی بنچینەییان بوو) کردووە بە سەندیکالیستێکی سەرسەخت و جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەم دەستەیە لە کرێکاران، کە خۆی لە سەرەتاوە مەیلی سەندیکالیستی بەهێزی هەبووە، لەم لادانەدا نوقم بووبێت.

ئێمە پێویستە لەگەڵ ئەم بەشە لە کرێکاران بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کار بکەین و تەواوی مەسەلەکانی سەرەوە دەبێ لە مامەڵە لەگەڵ ئەواندا لە بەرچاو بگرین.

١) دەبێ لەژێر هەر هەلومەرجێکدا بێت، پەیوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا بپارێزین. تەنها لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنی دەتوانێت بەڵگە بێت بۆ بەرتەسککردنەوەی پەیوەندی بەم جۆرە کرێکارانەوە.

٢) ئێمە دەبێ لە مامەڵە لەتەک ئەم کرێکارانەدا، ئەزموونی پۆپۆلیزم، کارکردی ڕیڤیژینیزم و هەروەها بنەمای سەندیکالیزم و هەڵسووڕانی تاکەکەسی بە قووڵی بدەینە بەر ڕەخنە. ئێمە دەبێت ئەم کرێکارانە لە ئاڵۆزی فیکری، بێئومێدی و پشتبەستن بە خەباتی سەندیکالیستی بەرتەسک دەربهێنین. دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە لەم کارەدا لانی زۆر لە پتەوی و لەیەکترگەیشتنی هەردوو لا زەرورییە. بێ ئەوەی نووکە دەرزییەک لە ڕەخنەی خۆمان لە هەر شتێکی ناکۆمۆنیستی کەمڕەنگ بکەینەوە، دەبێ باری قورسی هەموو ئەو تەجروبە سەلبییانەی کە ئەم کرێکارانە بە سەریان بردووە و چەواشەفێربوونی پۆپۆلیستی و ڕیڤیژینیستی لە بەرچاو بگرین. ئێمە نابێت لە مەوقیعیەتی خاوەنحەق، داواکار و لەسەر بنچینەی ئیدانەی ئەخلاقی وەک زەرووڕەتی خەبات و دەستنەکێشانەوە لە خەبات و شتی تر، لەگەڵ ئەوان ڕووبەڕوو بین. ئەگەر ڕەخنەیەکیان لە هەڵوێست و کارکردی حیزبی ئێمە هەیە، ئەم ڕەخنانە پێویستە بە وردی و بە درێژی وەڵامی بدرێتەوە. دەبێ تێبکوشین لەگەڵ بەرزکردنەوەی گیانی خەباتگێڕی ئەوان، دەستیان بە ڕەخنەیەکی قووڵ لە پراتیکی بەرتەسکی ڕابردوو، وە تێگەییشتنێکی ڕۆشن لە حیزبی کۆمۆنیست و ئامانج و شێوەکانی بگات.

٣) دەبێ کارێک بکرێ کە ئەم پەیوەندییانە و باس و خواسانە لە دڵی پەیوەندییەکی سروشتی و لانی کەم مەترسی ئەمنیدا (بۆ هەردوو لا) بەڕێوە ببرێت. نیگەرانی ئەمنییەتی ئەم کرێکارانە پشتبەستوو بە تاقیکردنەوەی ئەوان لە شێوەکاری هەلپەرستخوازانەی پۆپۆلیستییە. لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە بەهێزانەدا، پێویستە ئێمە ئەم هاوڕێیانە بە بڵاوکراوەکان و ڕادیۆی حیزب و بۆچوونە سیاسییەکان و تاکتیک و درووشمەکانی خۆمان ئاشنا بکەین.

٤) دەبێ ئەم کرێکارانە هەتا دەتوانرێت بە یەکترەوە پەیوەند بدرێن. نابێ بوار بدرێت سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، پەیوەندی سروشتی نێوان کرێکارانی پێشڕەو لاواز بکات.

کار لەگەڵ ئەم دەستەیە لە کرێکاران، پێویستی بە بەردەوامی و سەبر و توانایی تەرویج و ڕۆشنکردنەوەی بۆچوونەکانی حیزب لە هەمبەر مەیلە لادەرەکان و ناسینی گیروگرفتە عەمەلییەکانی ئەم دەستەیە لە کرێکاران هەیە. باشترین و بە ئەزموونترین هاوڕێیانی تەرویجکەر دەبێ بەم کارە هەڵسن.

**ماویەتی**

# ئەنوەر حسێن (بازگر) : ئەو خۆشباوەڕییەی خەڵك بەبەغدا تووشی بوە دەرئەنجامی ئەو نەهامەتییەیە؛ کە چەشتوویەتی لە ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئەنوەر حسێن (بازگر)، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"



**بەشی دووەم و کۆتایی**

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە خۆشباوەری بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە دەسەڵاتی بەغدا، بۆ باش بوونی موچە و خزمەتگوزاری و سوتەمەنی...تاد؟**

**ئەنوەر حسێن:** ئەو خۆشباوەڕییەی کە خەڵک تووشی بوە دەرئەنجامی ئەو نەهامەتییەیە؛ کە چەشتوویەتی لە ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان.

بۆنموونە جارێک بەناوی پاشەکەوتی مووچە جارێک بەناوی سەری بەرز بۆ مووچە نەوی ناکەین، جارێک بەناوی لێبڕینەوە مووچەکەی پێنادات، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەفاف نییە لەگەڵ خەڵک پێیان ناڵێت، بۆچی (22) ملیار دۆلار قەرزارە، بە خەڵک ناڵێت بۆچی پاشەکەوتی مووچە ناداتەوە؟ خەڵک دەزانێت ئەو پاساوانەی دەیهێنێتەوە واقیعی نیین، لەبەرئەوەی بە فاکت و بەڵگە ناخرێتە بەردەم خەڵک، خاڵێکی تر ئەوەیە؛ خەڵکی کوردستان هەست بە نادادپەروەری دەکات، بۆنموونە ئەوەی بۆ خەڵک نییە بۆ منداڵەکانی خۆیان بەردەستە.

خەڵکی عێراق حکومەتی عێراقی باش ناناسن، گەر پێیان وابێت غەز عەلی، سەدر، مالکی، عەبادی و سودانی... لە فلان باشترن ئەوە بۆچوونێکی زۆر ناواقیعییە، ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە یەک لەدوا یەکانەی عێراق و تورکیا و ئێران هەیە، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نیین مافی کورد دابین بکەن، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی مەرکەزی عێراقی بەهێز هەبێت دیموکراسییەتی قبوڵ بێت ئاسایە هەرێمی کوردستان لەسەر ناوەند بێت و تێکەڵ بێت و ئیدارەی بدات وەکو سویسرا، ئەڵمانیا، هیندستان و زۆر وڵاتی تر، ئێمە دەمانەوێت لە دەوڵەتێکدا بژین کەرامەتمان پارێزراو بێت و مافە سەرەتاییەکانمان پارێزراو بێت و وەکو ئینسان سەیرمان بکەن، ئیتر گرنگ نییە کورد یان عەرەب بم و لە چ لەژێر سایەی چ سیستەمێک دام، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە دەوڵەتێکدا بین ڕێز و کەرامەتی ئینسان بگیرێت مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، کرێکار و خەڵکی هەژار دابین بکرێت و خەڵک نەچەوسێنرێتەوە لەژێر هیچ بیانوویەکی ئیتنکی، ڕەگەزی، تایفی و دینی و مەزهەبی، قسەکە ئەوەیە حکومەتی عێراقی تەواو حکومەتێکی دینی و مەزهەبییە هەموو بڕیارەکانی لە تاران، ئەنکەرە و ڕیازەوە بۆ دێت، یان ئەمریکا دەیسەپێنێت بەسەریدا، خۆی هیچ توانایەکی نییە، هەربۆیە ئەم دەوڵەتەی کە ئێستا هەیە بانگەشەی ئەو هەموو شتە دەکات چەند ساڵێکی تر فەشەل دەهێنێت.

عێراق لەبەردەم تەقینەوە و کێشەی زۆردایە، لەبەردەم شەڕی شیعە و سووننەدایە.

بەو ڕەخنانەشەوە کە لە هەرێمی کوردستان دەگیرێت، دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەتان و سیاسەت و حکومەت لە خۆرهەڵات لەلایەن شیعەوە شکستی هێناوە، لە لوبنان، سوریا، یەمەن و عێراق، شیعە نەیتوانییەوە حکومدارییەکی باش بکات، چونکە تێڕوانینێکی تەواو مەزهەبی هەیە و تەواو گرێدراوە بە تارانەوە، هەمیشە بیر لە تۆڵە دەکاتەوە.

بەدوای شەڕی داعش بە سەدان هەزار سوننی لەو سنورانە کوژراوە، هەموو ناوچەکانیان تەخت کراوە بۆئەوەی نەیەنەوە بۆ ئەو ناوچانە. بۆچی داعش پەلاماری موسڵ دەدات؟ لەکاتێکدا ناوچەیەکی سوننە نشینە؟ بەشێکی زۆریان قەتڵ و عام کران، بۆچی حکومەتی عێراقی هێزەکانی لەوێدا پاشەکشەی پێکردن؟ لەبەرئەوە شیعە مەترسیدارن لەسەر داهاتووی عێراق و ناوچەکەش و لە حاکمیەتی خۆشیاندا فەشەلیان هێناوە.

بەڵام دیسان قسەکە ئەوەیە ئەو نارەزایەتییەی خەڵک یان بە جۆرێک پشتگیریکردنی ناوەند گلەییەکە ڕووبە هەرێمی کوردستانە، هەرێمی کوردستان ڕاستە هەنگاوی ناوە، ڕاستە کاری کردوە، ڕاستە ڕەنگە هەرێمی کوردستان لە عێراق ئاوەدانتر بێت، بەڵام دەیتوانی زۆر باشتر بێت و ئەو نادادپەروەرییەی هەیە نەمێنێت.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینیت؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دووبارە دەبێتەوە؟**

**ئەنوەر حسێن:** هەموو ئەوانەی ڕابردوو بە ئەنفالیشەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە، پێموایە ئینسان ناتوانێت پشت بەم دەوڵەتە ببەستێت ئەوەی کە لێی دەیخوێنیتەوە.

بابەتی میللی و نەتەوەیبوونی خەڵک باسێک نییە پەیوەندی بە یەکێتی و پارتی و ئەحزابی کوردییەوە هەبێت، بابەتێکی مێژووییە؛ گەلێک لەسەر ئەم خاکە دەژیت ناوی کوردە و داوای مافە نەتەوەیی، مافە سەرەتاییەکان، مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان، مافی خەڵک. هەموو ئەوانە داوا دەکات.

بۆیە پێموانییە تا کۆتایی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و عێراق بەم حاڵەی ئێستاوە بێت و هیچ کات ناتوانێت کێشەی میللی کورد چارەسەر بکرێت نە ئێران، تورکیا و سوریا چارەسەریان نەکردوە و نیەتیشیان نییە چارەسەری بکەن.

بۆنموونە ئەگەر باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین ئەمە دەرئەنجامی بارودۆخێکی سیاسی و بابەتی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت هەرێمی کوردستان دروست بوو، بەتایبەتی دواتریش دوای ڕووخانی بەعس، ڕۆژئاوای کوردستانیش دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بوو، ئەم دوو هەرێمەی کە هەیە دەرئەنجامی ڕووداوی سیاسی ناوچەیی و جیهانی بوون، نەک ئەوەی حکومەتی عێراقی بە ڕەزامەندی خۆی ئەو کارەی کردبێت، یان حکومەتی سوریا.

> **ئەو خۆشباوەڕییەی کە خەڵك تووشی بوە دەرئەنجامی ئەو نەهامەتییەیە؛ کە چەشتوویەتی لە ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان.**
>
> **بۆنموونە جارێك بەناوی پاشەکەوتی مووچە جارێك بەناوی سەری بەرز بۆ مووچە نەوی ناکەین، جارێك بەناوی لێبڕینەوە مووچەکەی پێنادات، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەفاف نییە لەگەڵ خەڵك پێیان ناڵێت، بۆچی (22) ملیار دۆلار قەرزارە، بە خەڵك ناڵێت بۆچی پاشەکەوتی مووچە ناداتەوە؟ خەڵك دەزانێت ئەو پاساوانەی دەیهێنێتەوە واقیعی نیین...**

> **ئەگەر دەوڵەتێکی مەرکەزی عێراقی بەهێز هەبێت دیموکراسییەتی قبوڵ بێت ئاساییە هەرێمی کوردستان لەسەر ناوەند بێت و تێکەڵ بێت و ئیدارەی بدات...**

بۆیە بابەتی میللی و نەتەوەیی و مافەکانی خەڵکی کوردستان و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان و بەڕەسمی ناسینی بوونی دەوڵەتی کوردی کارێکە کە هەموو خەڵک لە پێناویدا کاردەکات و خەبات دەکات، بەڵام دەوڵەتێک بێت مافەکانی خەڵکی تێدا پارێرزراو بێت، ژنان مافەکانیان پارێزراو بێت، دەوڵەتێکی مەزهەبی نەبێت و سیکۆلار بێت، دەوڵەتێک بێت یەکسانی و دادپەروەری تێدا بەرقەرار بێت، بۆئەوەی بتوانێت مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، خەڵکی کرێکار و جوتیار دابین بکات و بتوانێت دەوڵەتێکی خۆشگوزەران بێت. دەوڵەتێک بێت خەڵک هەست بە ئاسایش بکات و هەست بەوە بکات کە کەرامەتی پارێزراوە.

بۆیە لە ناوچەکەدا ئەگەری نییە بەم نزیکانە هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کوردی تێدایە بابەتی میللی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسێنن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەحزابی سیاسی ئەم پارچانەی کوردستانیش نەیانتوانیوە ئەو تەختییە باش بکەن و بیدەن بە خەڵک و سەرنجیان بۆ پشتیوانیکردن لەم داوایانەی خۆیان ڕابکێشن، زۆرجار خەڵک ئینتیمای نەماوە بێ هیوا بوە و بەدبەخت بوە، باوەڕی بەوەش نەماوە دەڵێت؛ ئەوەشم ناوێت ئەگەر حاکمیەتییەکەی وەکو ئێستا بێت ئەو دەوڵەتەشم ناوێت، بێگومان ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە خەڵک دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانی و چینایەتییەکانی و بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بەردەوام هەوڵ بدات و خەون بەوەوە ببینێت نابێت هیچ شتێک لەمە ساردی بکاتەوە.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت سواری بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان ببێت، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشێوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی رزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕێگا و ئەڵتەرناتیڤێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی کوردستان پێویستە؟**

**ئەنوەر حسێن:** لە ڕاستیدا خەڵک بە ڕێژە گلەیی لە ئەحزابی سیاسی کوردستان هەیە نەک بە گشتی ئەوە ڕوونە، چونکە هێشتا خەڵک دەنگ دەدات، هێشتا هێزی پێشمەرگە و فەرمانبەری هەیە، بەڵام ڕاستە بە ڕێژە خەڵک نیگەرانە لەم دەسەڵات و ئەحزابی سیاسی کوردی، تەنانەت هەندێک هەیە نیگەرانە لە هەموو ئەحزابی سیاسی کوردی، بەشێکی هۆکارەکەی ئەوەیە؛ کە لە پێشتر ئاماژەم پێدا؛ نادادپەروەری، گەندەڵی، نا شەفافیەت، کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و لێدانیان، کوشتنی ژنان، پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان،... لەکاتێکدا هەموو ئەوانە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستانە.

**پێموانییە تا کۆتایی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و عێراق بەم حاڵەی ئێستاوە بێت و هیچ کات ناتوانێت کێشەی میللی کورد چارەسەر بکرێت نە ئێران، تورکیا و سوریا چارەسەریان نەکردوە و نیەتیشیان نییە چارەسەری بکەن ...**

ئەڵتەرناتیڤێک لە هەرێمی کوردستان بە بڕوای من ئامادەیی نییە جگە لە خەڵک، لە ڕابردووشدا ئێمە ئەڵتەرناتیڤەکانمان تاقی کردوەتەوە، بۆنموونە ئەو ئەحزابی سیاسی بۆرژوازییەی تاقیمان کردنەوە نەیانتوانی لە ئاست و داخوازییەکانی خەڵک بن، سەرەڕای ئەوەی هێزی سیاسی گەورە بوون ئەوانەی خۆیان وەکو ئەڵتەرناتیف نیشاندەدا، ئێمە شاهیدی ئەوەین چەند جار هاوپەیمانی کراوە لەنێوان چوار حیزبی سیاسی ناسیۆنالیست و وردە بۆرژوا و ئیسلامییەکان، کە وەکو ئەڵتەرناتیف خۆیان نیشان دەدا، بەڵام دواجار خەڵک بۆیان دەردەکەوت ئەم هێزانە نەک ئەڵتەرناتیف نیین، بەڵکو ناتوانن ئەڵتەرناتیڤ بن و بەشێکن لەو هێزە سیاسییانەی کە ئێستا حاکمیەتی کوردستان دەکەن: بەو دەلیلەی یەکەم؛ لە حکومەت و پەرلەمان هاوبەشن، دوەم؛ بە نهێنی پارەیان لێوەردەگرن، سێیەم؛ هەرکام لەم هێزە سیاسییانە پەیوەندیان بە وڵاتێکەوە لە ناوچەکەوە هەیە، کە هاتوون لیستێک و گوتارێکی هاوبەشیان دروستکردوە بۆ خاتری خەڵکی کوردستان نەبوە و بۆ بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خۆیان بوە ئەوە قۆناغێک.

قۆناغێکی تر هەبوە کە بزوتنەوەی گۆڕان دروستبوە وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی، بەڵام ئەوەی دەنگێکی زۆری کۆکردوەتەوە و خەڵک وەکو ئەڵتەرناتیڤ سەیری دەکرد، بەڵام دەرکەوت یەکەم؛ نەیتوانی ئەڵتەرناتیڤ بێت و مەبەستی نەبوو، دوەم؛ لە واقیعدا هیچی نەکرد، دواتریش دەرکەوت و بەشێک لە خەڵکی کوردستان دەڵێن؛ "خۆزگە بە یەکێتی و پارتی".

ئەم ئەڵتەرناتیڤانە کە خۆیان نیشاندا لە هەرێمی کوردستاندا وەکو سیاسی، خۆپیشاندان، حکومەت و ئەڵتەرناتیڤ... نەک هەر نەیانتوانی ئەڵتەرناتیڤ بن و دڵی خەڵک خۆش بکەن، بەڵکو ئەو حەماسەت و نارەزایەتییەی خەڵک هەیبو لەباریان برد خەڵکیان بێ هیوا کرد لەوەی بتوانن دەنگی نارەزایی بگەیەنن و بێنە سەر شەقام.

بۆیە ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیانەی دروست بوون خەونی نارەزایەتی و مانگرتن و هاتنە سەر شەقامی خەڵک و بوون بە ئەڵتەرناتیڤی ئەم هێزە سیاسییانەشیان لە باربرد.

ئێستا هەندێک هێزی پۆپۆلیست هەیە، کە خۆیان وەکو ئەڵتەرناتیڤ نیشاندەدەن، ئەو خەڵکانەشی کە پشتگیری ئەو هێزە پۆپۆلیستانە دەکەن سور دەزانن کە ناتوانێت ئەڵتەرناتیڤ بێت و شتێک لە چارەنووس و نەهامەتییەکانی ئەوان ناگۆڕێت، بەڵام دیارە وەکو ئینعکاسات دەنگ دەدەن بەم هێزە، بەڵام بەشێک لەم هێزانە بەنهێنی لەگەڵ یەکێتی و پارتین و سیاسەتەکانی ئەوان بەڕێوە دەبەن.

ئەگەر بپرسین ئایا هێزی کۆمۆنیست وەکو ئەڵتەرناتیڤ خۆی نیشانداوە؟ ئەوەش پێموایە نەیتوانیوە بەڕەسمی هێزێکی چەپ و کۆمۆنیست بێتە مەیدان.

ئەڵتەرناتیڤ ئەوەیە؛ دەبێت ئەم نارەزایەتییەی خەڵک بەردەوام بێت و باش لەوە تێبگات کە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە، پێویستی بە ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسییە لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە و لە ڕێگای دیموکراسییەوە، لە ڕێگای هاتنە سەر شەقام و لە ڕێگای میدیاوە.

بەبڕوای من ئەم هێزانە پێویستی بە گوتارێکی یەکگرتوو هەیە، لانی کەم دەتوانێت بەشێک لەم دۆخەی ئێستا بگۆڕێت.

ئەڵتەرناتیڤی جددی بۆ بارودۆخی کوردستان پێموایە خەڵکە، ئێستا هێزێکی سیاسی بەوجۆرە نابینم و خۆی نیشان نەداوە، کە بتوانێت ئەڵتەرناتیڤی ئەحزابی سیاسی کوردی ئێستا بێت یان حکومەت بێت، بۆیە ئەوەی ئەڵتەرناتیڤە خەڵکە دەتوانێت ئاڵوگۆڕ پێک بهێنێت و پشتگیری هێزی باشتر بکات و بارودۆخەکە بگۆڕێت.

لەهەر حاڵدا ئەڵتەرناتیڤێکی جددی لە ئێستادا نابینم، بەڵام هەرێمی کوردستان بەم بارودۆخەی ئێستاوە ناتوانێت بەردەوام بێت.

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان ناتەبایی پارتی و یەکێتی هۆکاری سەرەکی نیگەرانی ناوەندە فەرمی و نێودەوڵەتیەکانە؟**

**ئەنوەر حسێن:** وڵاتانی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا هەوڵیانداوە ئەو کێشانە چارەسەر بێت و هێزی پێشمەرگە یەکبخرێن و لە شەڕی داعش پشتیوانیان کردوون، هەرچەندە ناڵێم ئەوانە فریشتە و فریاد ڕەسن، بەڵام ئەوان بە ئەنجام گەیشتوون کە یەکێتی و پارتی ناتوانن ڕێکبن بە یەکەوە و هێزی پێشمەرگە یەکبخەن، بۆیە پێموایە کێشەکان ڕەگ و ریشە مێژووی هەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتەوە هەیە، بەڵام پێشتر بارودۆخەکە باشتر بوو، کابینە لەدوای کابینە پەیوەندییەکان خراپتر بوو، پارتی کە وەکو حیزبی ئەکسەریەت خۆی نیشاندەدات زۆر نایەوێت هاوبەشی بکات بۆیە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نیگەرانی خۆی لەوبارەیەوە دەربڕیوە.

بەهەرحاڵ پێموایە کێشەکانی یەکێتی و پارتی بەم زوانە چارەسەر نابن، هیواداریشم نەگاتە ئەوەی ئەم کێشانە زیانی زۆرتر لە خەڵکی کوردستان بدات، لانی کەم دەتوانن بە خاتری خەڵکی کوردستان و بە خاتری بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان پێکەوە یەکگرتوو بن، چونکە مەترسی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و ئەجێندای گەورە لە ناوچەکەدا جێ بەجێ دەبێت، وەکو وتیشم ئەمریکا نیگەرانە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێموایە دەبێت بیر لە ڕێگا چارە بکرێتەوە، ئەگەر نا هەرچییەک بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات ئەو هێزە سیاسیانە بەرپرسیارن لە داهاتوودا.

هیوادارم خەڵکی کوردستان لەمە زیاتر قوربانی نەدات و تووشی نەهامەتی و بەدبەختی نەبێتەوە...

**کێشەکانی یەکێتی و پارتی بەم زوانە چارەسەر نابن، هیواداریشم نەگاتە ئەوەی ئەم کێشانە زیانی زۆرتر لە خەڵکی کوردستان بدات، لانی کەم دەتوانن بە خاتری خەڵکی کوردستان و بە خاتری بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان پێکەوە یەکگرتوو بن...**

## درێژەی... هۆکارو زەمینەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەرێمدا

قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، لەلایەکەوە لەرێگای گوشارەکانیانەوە خەونە سیاسیەکانی لەژێر ناوی بەرگری لە مافی تورکمانەکان، بەدیبهێنێت و لەو نێوەدا داوای دەسەڵاتی سیاسی زۆرتر بۆ تورکمانەکان دەکات، و وەکو بەشیک لە ململانی لەسەر کیشەی کەرکوک خۆی نمایش دەکات، وەبانگەشەی ئەوە بەدەستەوە دەگرێت، کە کەرکوک شارێکی تورکمانی و عەرەبییە، تا پیگەی ناسیونالیزمی کورد، کەمرەنگ و بێکاریگەر نیشاند بدات. هاوکاتیش دەیەوێت هەژموونی هەرێم بەسەر دەروازە و ناوچە سنوریەکان بەپاساوی ئەمنی نەهێلێت و سوپای عێراق ئەو ئەرکە بگریتە دەست. لەرێگای ئەو ئامانجەوە دەیەوێت هێندەی تر دەسەڵاتی هەرێم و قەوارەی سیاسییەکەی بەرەو لاوازی و دارمان ببات و ئەوەش بەرێگاییەک دەزانێت بۆ دوورخستنەوەی هاوئاهەنگی نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی لەنیوان بەشەکانی کوردستان و دورخستنەوەی ئەگەری وەدووررەوەکەوتووی خواستی جیابوونەوە.

بۆ ئێرانیش دەستێوەردان و نەخشەکانی بۆ ئەوەیە باڵادەستی خۆی بهێڵیتەوە. بەجیا لەهەوڵەکانی بۆ بۆ لێدان لە ئۆپۆزیسیۆنی درەکی وڵاتەکەی و لەپەل و پۆ خستنی لە دۆخی ئێستادا کە دەرگیری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری شۆرشگێرانە لەناوخۆدایە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا خوازیاری ئەوەیە دەسەلات لە عێراقدا ناوەندی بێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی بتوانێت شێوازی حکومڕانی تا دەورەیەکی تر بە ئەلگۆی بەش بەشینەی قەومی و تایفی بێت و هەژموونی نیشتیمان!! ی سایە نەکاتە سەر ئەم ئەلگۆیە، کە رەوەندیکی عەرەبی و ناسیونالیستییە، رۆژ بەرۆژ بەهێز دەبێتەوە و عێراق لە باوەشی ئیرانەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەولەتی و دنیای عەرەبی دەباتەوە.

بەکورتی، دۆخی عیراق بە رەوەندێکی تایبەتدا دەروات. رەوەندی گێرانەوەی هەژموونی دەسەڵات بەسەر میلیشیاکان، هێزە لە یاسا دەچووەکان!!، کەمکردنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و قوتبیکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەنددا. هاوکات گێرانەوەی سەروەری ئەمنی و یاسایی سنورەکانی. وڵاتانی دنیاو ناوچەکەش ناچارن و مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بکەن و مەرکەز چەقی ئامانج و بنیاتنانەوەی پەیوەندیەکانیانە. هاتنە دەنگی عێراق و نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکاو غەرب لەسەر بۆردمانەکانی ئەم دواییەی هەرێم لەلایەن تورکیاوە، بەڵگەی ئەوەیە ئیتر عێراق مامەڵەی هەرێمی کوردستان وەکو بەشێکی دابڕاوی بێخاوەن لە عێراقدا تەماشا ناکات و ئەمریکاو غەرب و وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، درکی ئەم واقعیەتە تازەیە دەکەن، هاوکات دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش کەهەم دەستە وەستان و هەم مل چەماوەیە بەرامبەر بەسیاسەت و داواکارییەکانی بەغدا، درکی ئەو راستیانە دەکات و دەستەو دامێنی بەغدایە، بەرپرسیاریەتی پاراستنی هەرێم بگرێتە ئەستۆ. لێدان و سنورردارکردنی جموجۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە، ئیتر بە هاوئاهەنگی و رێکەوتن دەچێتە پیشەوە.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ٦٨ ئۆکتۆبەردا بڵاوکراوەتەوە...**

# لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

## درێژەی .... دوا وتە

خەڵکی کوردستانیش بەشێوەی گشتی خۆیان بە عێراقی نازانن و ناشیانەوێت بگەڕینەوە بۆ ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. تەنانەت ئەو بەشە لە موچەخۆرو خەڵکەش کە لەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد خۆشخەیاڵیان بە بەغدا هەیە، بەڵام خۆشباوەریان لەو بارەیەوە نییە کە دەسەڵاتی عیراقی ئیسلامی و قەومی ئیستا، ئەگەر بتوانێت "موچە و خزمەتگوزارییەکانیش" بۆ خەڵکی کوردستان زامن بکات، بەڵام ناتوانیت وەڵام بە گرفتی سیاسی خەڵکی کوردستان بداتەوە و هاوڵاتیان کوردستان وەکو هاوڵاتی خاوەن مافی یەکسان تەماشا بکات، بۆیە هیشتا خواستی جیابوونەوە لە عێراق کە دەسەڵاتێکی مۆدێرن ئامادەیی نییە، یەکێک لە هەرە بژاردە کاراو پێویستەکانە.

ئاکامی ریفراندۆم، دەستکەوتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانە و دەتوانرێت و دەبێت وەکو بەڵگەنامەیەکی خاوەن پشتیوانی و بریاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەدەستەوە بگیرێت. ئەوەی کە هێشتا رێگری لەوە دەکات کوردستانی عیراق، بەرەو ئاقاری سەربەخۆیدا هەنگاو بنێت و سەنەد و ئاکامی ریفراندۆمیش وەکو بەڵگەنامەیەکی پشتیوانی جەماوەری بەرز رابگرێت... هێزە سیاسیە بۆرژوازییەکانی کوردن.

ئەو راستییەی کە پارتی و بزوتنەوەی سیاسی بۆرژوازی کورد، ریفراندۆمیان بۆ مەبەستی تر و وەکو کارتی گوشار بۆسەر بەغدا بەدەستەوە گرت، نەک بۆ جیابوونەوەی کوردسان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەوەش هێندەی تر ئەو ڕاستیە دەخاتەوە ڕوو کە بۆ پارتی ریفراندۆم وەکو موچەی پاشەوکەوت بۆ سات و سەودا لەگەڵ بەغداو دنیای دەرەوە بەدەستەوە گیرا.

پێداگری سەرانی پارتی لەکاتی ریفراندۆمدا بەوەی کە ریفراندۆمیان بۆ جیابوونەوە و پێکهینانی وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، رێک لەگەڵ سیاسەتی ئێستایاندا کە سوێند بە یەکپارچەیی عێراق دەخۆن... تەباو کۆکە و ئەو راستییە پشتراست دەکاتەوە کە بۆرژوازی کورد، نەک تەنها هەڵگری چارەسەری پرسی خەڵکی کوردستان بەبریارو ئیرادەی هاوڵاتیان نییە، بەڵکو خۆی کۆسپ و لەمپەرێکی سەرەکی چارەسەری پرسی کوردەو خێر و نیعمەت لە مانەوەی ئەو پرسەدا بەچارەسەر نەکراوی دەبینێتەوە.

ڕامالینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەرێگای شۆرش و راپەرینیکی لەخوارەوەی جەماوەری و شۆرشگێرەوە بەجیا لەوەی دێوەزمەیەک لەسەر ژیان و گوزەرانی ملیۆنی خەڵکی کوردستان هەڵدەگرێت وسەروەت و سامانی دزراوی کوردستان دەگێرێتەوە و ئیرادە بۆ ئینسانی کورد دەکاتەوە مەبنا، ئاواش چارەسەری پرسی کورد دەخاتەوە ئەستۆی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان. ئاکامەکانی ریفراندۆمیش وەکو بەڵگەی حاشا هەڵنەگری پشتیوانی جەماوەری بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن ئیرادە، سەرمایەکی بەهێزە بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و بزوتنەوە ئازادیخوازو ئینسان دۆستەکان...

**کۆتایی سێپتەمبەری ٢٠٢٣**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بەدەل بەرواری، بەندی عەلی، بنار مستەفا، هاوژین رەشید، ئەنوەر حسین، وریای رەسام، سەردار عەبدوڵا حەمە، کاوان قادر، ئاراس رەشید، ئیدریس مستەفا، عەبدوڵا مەحمود، جەمال نوری، سوهێل زەهاوی...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

# ئێمەو ئەوان!!

ئەوان هەر گوێ لە تەفسیری
ون و وێڵی خەون دەگرن ..
ئێمە ، مەجبورین خەونەکان بێنینە دی !
ئەوان بۆ کردنەوەی گرێی
گوریسی بەخت دیسان هەر گوێ
لە قاوەگرەوەکان دەگرن ..
ئێمە ، دەبێ عەرش و تاج و تەخت بگرین !
ئەم هاوکێشەیە بە چیلکەی
دەستی فاڵچی چارە نابێ ..
ئەم گرێیە ، کوێرە دیدەی ..
بە پەنجەو ددانی خۆزگەی
خەواڵوەکان ناکرێتەوە .



بۆ ئەوەی سبەی
شکۆفەی
بەیانێکی نوێ
بپشکوێ ،
بجمێ چونکە کاری دەوێ ،
درەختی خەون پیرە دارە
دەشتی دێمی ئەم هەوارە
هەم قریشکەی گەرووی هەورو
هەم ڕەوی ڕووباری دەوێ

## هۆنراوەی: بەندی علی




بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

دوا وتە

# لە شەشەمین ساڵیادی ڕیفراندۆمدا

عەبدوڵا مەحمود

25 سیبتەمبەر شەش ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمدا تێپەڕی. ریفراندۆێک کە زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان بە گەرم و گوڕییەوە بەشداریان تیاکرد. خەڵکی کوردستان بۆیە لەم ریفراندۆمەدا بەحەماسەوە بەشداریان کرد، چونکە خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان و تامەزرۆی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بوون و نەیاندەوست لەچوارچێوەی عیراق و ئەو دەوڵەتانەدا بمێنەوە کە خاوەنی پرانسیبی مافی هاوڵاتی یەکسان نییەو و هەمیشە لەسەر بنەمای روانینی کەمتر بۆ هاوڵاتیانی تر دامەزراوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەیەک دەنگی "نا" و "نەخێر" لەلایەن هەندێک حزب و هێزی سیاسی لە ململانێیەکی سیاسی ناوخۆییدا بەرزبوونەوە بەرووی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، بەڵام ئەمە نەیتوانی ببێتە هۆکارێک بۆ ساردکردنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لە ریفراندۆمدا.

پاساوەکانی رەوت و ڕەهەندی دژە ریفراندۆم، بریتی بوون لەوەی کە ریفراندۆم کاتی نییە و پشتیوانی وڵاتانی لەگەڵ نییە، ئابوری و ژێرخانی ئابوری بەهێز نییە، هێزی نیشتیمانی سەربەخۆمان نییە، ناوماڵی کورد!! یەکڕیز نییە. لە کاتێکدا هیچ کام لەو پاساو و بیانوانە، لەهیچ جێگاو گۆشەیەکی دنیادا نەبوونەتە مەبنای دەوڵەتسازی و ئەنجامدانی ریفراندۆم. هیچ کام لەوانە پیش مەرج بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نین. بە پێچەوانەوە، هەرکام لەوانەو زامن بوونیان بەندە بەبوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی سیاسی و حقوقیەوە. دیارە هەلومەرجی سیاسی کوردستان زۆر جیاوازە لە زۆربەی هەرزۆری ئەو پرۆسەی دەوڵەتسازییەی لە دنیادا ڕوویانداوە. کەم جغرافیای سیاسی لە دنیادا هەیە وەکو کێشەی کورد ئاڵۆز بێت و هێندەش پێویستی بەوە بێت کە وەڵام وەربگرێتەوە. کێشەی فەلەستین و کێشەی کورد دوو تاکە کێشەی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەراستن و ئارامی سیاسی بە بێ چارەسەری ئەو دووپرسە، لە وەهم زیاتر نییە.

لەگەڵ ئەوەدا پرسیسی لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە بەکردەوە دەستی پێکردووەوهەوڵەکانی بۆرژوازی عێراقی بۆ گێرانەوەی هەژموونی یەکجاری دەسەڵاتی ناوەندی لە زەمینەی ئابوری و سیاسی و حقوقی و ئەمنی، بەردەوامە و درێژەی هەیە، وە بۆرژوازی کوردیش دەیەوێت خۆی لەگەڵ ئەم رەهەند و ئاڵوگۆرە بگونجێنێت و بەغدا بە قیبلەی مانەوەی دەسەڵاتەکەی دەزانێت. بەڵام

بۆ لاپەڕە 13